لەهێرشێکی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر گوندی دارا لە قەزای خانەقین حەوت کەس گیانیان لەدەستدا

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5953) دووشەممە 15ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ژمارەی قوربانییانی ئەو هێرشەی کە تیرۆریستانی داعش شەوی یەکشەممە بۆ سەر ماڵێک لەگوندی دارای سەربە قەزای خانەقین ئەنجامیان دا، بۆ حەوت گیان لەدەستدان و پێنج بریندار بەرزبووەتەوە.

ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە پێک هاتوون لە "سەید سەفا عەبدوڵڵا کاکەیی، سەید شەهاب بەشە کاکەیی، غەسان عەزیز کاکەیی، تاریق عەزیز کاکەیی، یەزان جەمال کاکەیی، حسێن عاسم کاکەیی، عەلی ئەسعەد".

ناوی بریندارەکانیش بریتین لە "سەید محەممەد شەهاب کاکەیی، سەید عەلی شەهاب کاکەیی، موئەیەد خەلیل، سیروان مەولوود، موهەننەد عادل". هەر لەمبارەیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، نەقیب جەعفەر وائیلی رایگەیاند، لەو هێرشەی کە تیرۆریستانی داعش بۆسەر ماڵێک لە گوندی دارا سەربە قەزای خانەقین باکووری پارێزگای دیالە ئەنجامیان دا، حەوت کەس کوژراون و پێنجی دیکەیش بریندارببوون.

نەقیب جەعفەر وائیلی ئامارەی بەوەیش دا کە هێزە ئەمنییەکان هەڵمەتێکیان بە ئامانجی راوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە دەست پێکردووە. هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، حەیدەر عەبادی لە نۆی کانوونی یەکەمی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر ئەو رێکخراوەدا راگەیاندبوو، بەڵام شانە نووستووەکانی رێکخراوەکە تاکو ئێستا بەردەوامن لەسەر هێرشەکانیان بەتایبەت لە گوندەواری پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، مووسڵ، سەڵاحەددین و ئەنبار.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا کۆبوونەوە



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2020/6/14 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز ستیڤن هیکی، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێز جەمیس سۆرنتۆن کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، دواینێ پێشهاتەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەوڵ و رێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کاریگەرییەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا لەسەر عێراق، هەرێمی کوردستان و جیهان و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیان تاوتوێ کران. دەستبەکاربوون و بەرنامەی کار و هەنگاوەکانی حکوومەتی تازەی فیدراڵی عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مستەفا کازمی و کێشە و قەیران و تەحەدییەکانی بەردەمی، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ و هەوڵ و دیالۆگی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەردوولا هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی داعشیان خستە بەر باس کە ماوەیەکە جموجووڵەکانی لە چەندین ناوچەی عێراق پەرەیسەندووە و هاوواڵتیان و هێزەکانی عێراق بە ئامانج دەگرن، لەمبارەیەوە داکۆکی لە گرنگیی بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق کرایەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و خواستی هەردوولا بۆ بەرەوپێشبردنیان، دیالۆگی ستراتیژی عێراق ـ ئەمەریکا و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، باس کران.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕەودان بە کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە باج دەکات



دوێنێ یەکشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕەودان بە کەرتی تایبەت و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باجدانانی کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوەی بازاڕی کار و پێداچوونەوەی یاساکانی پەیوەندیدار بە کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوانەی لە کەرتی تایبەت دەکەن کرا، کە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە.

دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان و سەرپەرشتیاریی لیژنەکە، ڕاپۆرتێکی خستەڕوو کە تێیدا دەستنیشانی دەرفەت و ئاستەنگەکان کرابوو بە ئاراستەی هاندانی خەڵک بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت. لەم ڕووەوە ڕێگەچارە و ستراتیج و پلانی جێبەجێکردن خرانەڕوو.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

وەزارەتی پێشمەرگە: دەیانەوێت بەو کردەوە ترسنۆکانەیان کورد ناوچەکە چۆڵ بکات و بەردەوامی بدەن بە شاڵاوی تەعریب و تەهجیر لەو ناوچانە

شەوی 13 لەسەر 14 گرووپێکی چەکداری سەربە تیرۆریستانی داعش هەڵدەکوتنە سەر گوندێکی سەر بە قەزای خانەقین و 12کەسی کوردی کاکەیی و هاوڵاتیانی ناوچەکە، شەهید و بریندار دەکەن لەوبارەوە وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە. (دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)

فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: کردەوە تیرۆریستییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور

فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاویکردەوە کردەوە تیرۆریستییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور، و بە پێویستی دەزانێت میکانیزمی هەماهەنگی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە فیدراڵییەکان لەو ناوچانە کارا بکرێتەوە. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

«هاشتاگ»ی چەواشەکاری

سەلام عەبدوڵڵا

حکوومەتی هەرێم، لە چەند ڕۆژی پێشوودا سەبارەت بەو (400) ملیار دینارەی کە لە بەغداوە هاتبوو بۆ مووچە ڕوونکردنەوەی دا بەمشێوەیە:

(12) ملیار دراوەتە قەرزی بانکە ئەهلییەکان و (165) ملیار و (725) ملیۆن دراوەتەوە قەرزی سەرمایەدارانی ناوخۆ. ئەوەی ماوەتەوە کە بریتییە لە (222) ملیارو (275) ملیۆن دینارە.

کەچی دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەش تازە هەندێک میدیا دەستیکردووە بە هاشتاگێک بەناوی کوا چوار سەد ملیارەکە؟ ڕاستە ئەگەر حکوومەت ئەم ڕوونکردنەوەیەی نەدایەو ئاوا جۆری قەرزو سەرفی ئەو مەبلەغەی نەکردایە، دەمانتوانی بڵێین ئەمە پرسیارێکی بەجێیەو پێویستی بە بەدواداچوون و کەمپینگ هەیە، بەڵام کاتێک ڕوونکردنەوەیەکی ئاوا ڕوون و ئاشکرا لەلایەن حکوومەتەوە دەدرێ ئیدی مرۆڤ گومان لەو هەوڵە دەکات.

حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی میدیاکانی خۆیەوە ڕایگەیاند کە مووچە دەنێرێت بۆ فەرمانبەرانی هەرێم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کارەی لەکاتی خۆیدا نەکرد، بۆیە حکوومەت بۆ دابینکردنی ئەو مووچەیە ناچار بوو پەنا ببات بەر قەرز لە کۆمپانیا بیانییەکان و سەرمایەدارانی ناوخۆ کە بەهۆیەوە توانی مووچەکە بدات.

جا کاتێک مەبلەغەکە دوای جەژن نێردرا بۆ هەرێم، دیارە حکومەت دەبێ لەو پارەیە لە پێش هەموو شتێکدا قەرزەکان بداتەوە هەر ئەو کارەشی کرد، بۆیە ئیدی هیچ پاساوێک نامێنێتەوە، دوای مووچەدان، ئەم هاشتاگەی لە سۆشیال میدیا دانراوە دیارە مەبەست لێی تەنیا چەواشەکارییە.

ئەگەر خاوەنی ئەو جۆرە هاشتاگەو هاوکارانی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن، با بچن لە ڕاستی و دروستی ئەو پەرلەمانتارەی ئێران بکۆڵنەوە کە دەڵێت: (36.1) ملیار دۆلارو هەشتا تۆن زێڕ نێردراوە بۆ سلێمانی، با هاشتاگی بۆ بکەن، یان با بچن کەمپین و هاشتاگ دابنێن بۆ ئەو (950) ملیۆن دۆلارەی کە دەنگی ئەمەریکا دەڵێت لە سلێمانییەوە نێردراوە بۆ دەرەوە کە تا ئێستا نازانرێت بۆ چ مەبەستێک نێردراوە.

ئەحمەد سەفار: ئەم هەفتەیە شاندی هەرێم و حکوومەتی عێراق دەگەنە ئەنجامێکی کۆتایی

پەرلەمانتارێک رایگەیاندووە لەم هەفتەیەدا شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و بۆ ئەوەی کێشەکان لە چوارچێوەی یەک پاکێجدا چارەسەر بکرێن، نەک تەنیا لە پرسی مووچە و بودجە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

جوان ڕۆژبەیانی بۆ «خەبات»:

مانەوەی ڕاکان جبووری لە پۆستەکەی مەترسی لەسەر پێکەوەژیان دروست دەکات

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بە مەترسی بڕیارەکانی ڕاکان جبووری پارێزگاری سەڵاحەددین بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دەڵێ: "مانەوەی جبووری مەترسی لەسەر پێکەوە ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانە دروست دەکات. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستاندا

بە شەپ شەپە دروێنەی گەنم و جۆ دەکرێت

زانراوە کە جووتیاران بۆ دروێنەکردنی گەنم و جۆ دەڕاسە بەکاردەهێنن، بەڵام ئەگەر کێڵگەکە دووربێت یان سەخت و لێژی هەبێت و دەڕاسە نەتوانێت لێی دروێنە بکات، ئەوا جووتیاران بە ئامێرێک کە بە شەپ شەپە ناوی دەهێنن، کارەکە ئەنجام دەدەن. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک ڕێگری لە کاری ڕۆژنامەنووسانی شارەکە دەکەن

ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکووک بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان و ژیانی خۆیان خستووەتە ئەوپەڕی مەترسییەوە، بەردەوام دەستگیر دەکرێن و لەکاتی ڕوومالکردن و گەیاندنی زانیارییەکان ڕێگریان لێدەکرێت. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



پەیامێک

لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

دوێنێ یەکشەممە 2020/6/14 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی پەیامێکی لەسەر هێرشە چەکدارییەکەی شەوی رابردووی سنووری خانەقین بڵاوکردەوە. بەرپێز مەسرور بارزانی لە پەیامەکەیدا دەڵێت "ئێمە لە کاتێکدا زۆر لە دۆخی ناسەقامگیریی ئەو ناوچانە نیگەرانین لە هەمان کاتدا جەخت لە میکانیزمی هاوکاریی ئەمنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی لە بەغدا و گرنگیی هەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە دەکەینەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ سوپای عێراق، سەقامگیریی بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێننەوە و سەروماڵی هەموو هاوواڵاتییانی ناوچەکە بپارێزن". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەیامێک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بەداخەوە دوێنێ شەو لە ئەنجامی هێرشێکی تیرۆریستان بۆ سەر گوندەکانی دارا و مێخاس سەر بە قەزای خانەقین ژمارەیەک خوشک وبرای کاکەیی شەهید بوون و چەندین کەسی دیکەش بریندار بوون. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەکەین و خوای مەزن گیانیان بە بەهەشت شاد بکات و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ئێمە لە کاتێکدا زۆر لە دۆخی ناسەقامگیریی ئەو ناوچانە نیگەرانین، لە هەمانکاتدا جەخت لە میکانیزمی هاوکاریی ئەمنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی لە بەغدا و گرنگیی هەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە دەکەینەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق، سەقامگیریی بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێننەوە و سەروماڵی هەموو هاوواڵاتییانی ناوچەکە بپارێزن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/6/14

هێمن هەورامی: بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییانی ناوچە کوردستانییەکان دەخەینە ئەستۆی هێزە عێراقییەکان



سەبارەت بەو هێرشەی چەکدارانی تیرۆریستی داعش بۆ سەر گوندەکانی (دارا) و (مێخاس) ی سەر بەقەزای خانەقین، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەداخەوە جارێکی دیکە گوێبیستی هێرشی تیرۆریستە تاریکپەرستەکانی داعش بووینەوە بۆ سەر خەڵکی سڤیل و بێدەرەتانی گوندەکانی (دارا) و (مێخاس)ی سەر بەقەزای خانەقین کە بەهۆیەوە ژمارەیەک خوشک و برای کاکەیی شەهید بوون و چەندین کەسی دیکەش برینداربوون، سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان دەکەین و هیوادارین خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدەکان ببێتەمایەی چارەسەری دۆخی ناوچەکەیان، ئەو هێرشە دڕێژکراوەی زنجیرەیەک هێرشی دیکەی تیرۆریستانە بۆ سەر خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

بڕیاربوو پاڵپشت بە مادە 66 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر داوای هەردوو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان و لیژنەی پێشمەرگە بۆ دۆخی ناوچەکوردستانییەکان کۆبوونەوەی پەرلەمان بەئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام بدەن، بەڵام بەهۆی دۆخی تەندروستی و ڤایرۆسی کۆرۆنا دانیشتنەکە ئەنجام نەدرا، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەین لەئایندەیەکی نزیک دانیشتنێکی تایبەت بەدۆخی ناوچەکوردستانییەکان و چەندین بابەتی گرنگ کەروویەڕووی هەرێمەکەمان بووەتەوە ئەنجام بدەین، داواکارین پەلە بکرێت لەچارەسەری دۆخی ناوچە کوردستانییەکان و بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنیی ناوچەکە بەهاوبەشی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و پەلە بکەن لەجێبەجێکردنی میکانیزمی جێگیرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە، هاوکات بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییانی ئەو ناوچانە دەخەینە ئەستۆی هێزە عێراقییەکان.

پێوستە بەپەلە کۆتایی بەخەم و ئێش و ئازاری خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بهێندرێت، کەچەندین دەیەیە قوربانیی دەستی ڕەفتارو نادادیی شۆفینی و توندڕەوەکانن.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
2020/6/14

ڕاگەیەندراوی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان:

بەرپرسیاریەتیی ئەو کردەوە تیرۆریستییانە دەخەینە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و هێزەکانی سوپای عێراق

لەبارەی هێرشەکەی شەوی یەکشەممەی داعش بۆسەر گوندێک لە قەزای خانەقین، لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان هاتووە "لە ماوەی ڕابردوودا شانە چەکدارییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دوای خۆڕێکخستنەوەیان بەسوود وەرگرتن لە کێشە سیاسییە نەبڕاوەکانی عێراق و ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دروست بووە، جموجوڵەکانیان زیادی کردووە و هاووڵاتییانی کورد و خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانەیان کردووە بە ئامانجی سەرەکیی کردەوە تیرۆریستییەکانیان".

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕاشیگەیاندووە "داواکارین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە لە پێشینەی خاڵەکانی گفتوگۆکردن و دانوستاندن بێت لەگەڵ حکوومەتی عێراق و کار بکرێت بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی پێویست لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوپەیمانان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لەو ناوچانە هەیە".

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە "بەپێویستی دەزانین داوا لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکەین هەرچی زووترە ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و لەبری سەرقاڵبوون بەپرسە لاوەکییەکان هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ڕێگریکردن لە بەردەوامیی دۆخی ناهەمواری ئەو ناوچانە".

وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی تاوانەکەی داعش لە خانەقین ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە:

دەیانەوێت بەو کردەوە ترسنۆکانەیان کورد ناوچەکە چۆڵ بکات و بەردەوامی بدەن بە شاڵاوی تەعریب و تەهجیر لەو ناوچانە

شەوی 13 لەسەر 14ی 6ی 2020 گرووپێکی چەکداری سەربە تیرۆریستانی داعش هەڵدەکوتنە سەر گوندی (دارا)ی سەربە قەزای خانەقین و حەوت کەس لە خێزانێکی کوردی کاکەیی، شەهید دەکەن و پێنجی دیکەش بریندارەدەکەن لەبارەوە وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیەنراوی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوی وەزارەتی پێشمەرگە، بەتوندی دژبە تاوانی قێزەوەنی لەو شێوەیە دەوەستینەوە، داواش لەهێزە عێراقییەکانی ئەو سنوورە دەکەین سەروماڵی خەڵکی بێتاوان، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینیی بپارێزن و سەلامەتی دانیشتوانی ئەو سنوورانە لە ئەستۆی ئەو هێزانەیە، کە لەو سنوورە جێگیر کراون. وەزارەتی پێشمەرگە دەشڵێت "لە ماوەی ڕابردوودا، چەندین جار هۆشداریمان داوە لە نەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە و مەترسیی ئەو فەراغە ئەمنییەی لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقیمان خستۆتەڕوو. **ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:**

شەوی 13 لەسەر 14ی 6ی 2020 گرووپێکی چەکداری سەر بە تیرۆریستانی داعش هەڵدەکوتنە سەر گوندی (دارا)ی سەر بە قەزای خانەقین و بە تاوانی قێزەوەنی لەو شێوەیە دەوەستینەوە، داواش لەهێزە عێراقییەکانی ئەو سنوورە دەکەین سەرو مالّی خەڵکی بێتاوان، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینیی بپارێزن و سەلامەتی دانیشتوانی ئەو سنوورانە لەئەستۆی ئەو هێزانەیە، کە لەو سنوورە جێگیر کراون.

لەماوەی ڕابردوو، چەندین جار هۆشداریمان داوە لە نەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە و مەترسیی ئەو فەراغە ئەمنییەی لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراقیمان خستۆتەڕوو.

بەچەند بارەبوونەوەی تاوانی لەو شێوەیە، وا دەخوازێت بەزووترین کات، لیژنەی بالای هاوبەشی وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە کارا بکرێتەوە، بەیەکەوە لەڕێگەی (پێشمەرگە و سوپای عێراقی) کار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیانە بکرێت، بەجۆرێک سەرو مالّی ڕۆڵەکانمان لەو ناوچانە بە کورد و عەرەب و تورکمان و تەواوی پێکهاتە ئاینی و نەژادییەکان پارێزراوبێت.

بە ئامانجگرتنی کوردانی ئەو ناوچانە و چۆڵکردنی گوندە کوردییەکان بە زەبری هێز، تاوان و کوشتن، تەنیا کاری ئەو گروپە تیرۆریستیانەیە کە لەگەڵ داعش بوون و دەیانەوێت بەو کردەوە ترسنۆکانەیان کورد ناوچەکە چۆڵ بکات و بەردەوامی بدەن بە شاڵاوی تەعریب و تەهجیر لەو ناوچانە.

بۆیە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە، ئەرکی هێزەکانی پێشمەرگە ڕێگریکردن و لەناوبردنی خەونی گلاوی تیرۆریستان و تاریکپەرستانی دژ بە ڕۆڵەکانمان دەبێت و بەتوندی بەرپەرچی هەر هەوڵ و ئامانجێکی لەو شێوەیە دەدەینەوە.

هاوخەمی و هاوسۆزی خۆمان بۆ کەس و کارو خانەوادەی قوربانیانی ئەو تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیە دووپات دەکەینەوە و سەلامەتی و شیفای بەپەلەش بۆ بریندارانی دەخوازین.

وەزارەتی پێشمەرگە
حکوومەتی هەرێمی کوردستان

هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک ڕێگری لە کاری ڕۆژنامەنووسانی شارەکە دەکەن

ستار جەباری: هەتا ئەو هێزە سەربازییە حوکمی کەرکووک بکات هیچمان بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد پێناکرێت



خەبات ـ ئارام شێرکۆ

ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکووک بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان و ژیانی خۆیان خستووەتە ئەوپەڕی مەترسییەوە، بەردەوام دەستگیر دەکرێن و لەکاتی ڕووماڵکردن و گەیاندنی زانیارییەکان ڕێگریان لێدەکرێت .


ڕۆژنامەنووس هەژار ڕەشید کە یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە کەرکووک پێشێلکاری بەرانبەر کراوە، بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەمان وەک گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان زۆرجار لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕووبەڕووی کێشە و ڕێگری دەبینەوە، بەوەی ڕێگەنادەن کارەکانمان لەکاتی خۆیدا وەک پێویست ئەنجام بدەین، بە تایبەتی لە ئێستادا کە بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ دراوە لە شارەکە.هەژار گوتیشی: چەندین جار دەست بەسەر کامێرا و کەلوپەلەکانمان گیراوە، خۆیشمان ڕووبەڕووی هەموو جۆرە هەڕەشە و هێزیکی جۆراوجۆر بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە ئەو هێزە سەربازییانەی هاتوون بۆ کەرکووک وەک پێویست لە ڕێسا و یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیان نازانن و ئەمەیش بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە شارەکە نەتوانن وەک پێویست کاری خۆیان بکەن و چەندین پێشێلکاری جۆراوجۆریان بەرانبەر دەکرێت، کە سەرجەمیان لەلایەن ئێمەوە وەک سەندیکا تومار کراون.

ستار جەباری گوتیشی: لە ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دەستپێکی کەرەنتینە و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسانمان ڕووبەڕووی کێشە و گرفت بوونەتەوە، ئەوەیش بووەتە هۆکاری نەگەیاندنی بەشێک لە هەواڵ و زانیارییەکان، هەر چەند ڕۆژی پێش ئێستا چەند پێشێلکارییەک بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە.

جەباری گوتیشی: ئێمە تاکو ئێستا توانیومانە بۆ بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان و کارەکانیان، چەندینجار بەیاننامەی جۆراوجۆرمان دەرکردووە، بەڵام کەس گوێ بە بەیاننامەکە و داواکارییەکانی ئێمە نەگرتووە، هەرچەندە ئێمە سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان بووەتەوە تواندومانە سەرجەمیان تۆمار بکەین و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لێ ئاگادار بکەینەوە، بەڵام تاکو ئەو هێزە سەربازییە حکومی کەرکووک بکات، ئێمە لەوە زیاتر هیچمان بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد لە شارەکە پێناکرێت و ئەمەیش جێگەی نیگەرانییە .

www.xebat.net
دووشەممە 2020/6/15 ژمارە (5953)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕەودان بە کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە باج دەکات





دوێنێ یەکشەممە /2020/6 14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕەودان بە کەرتی تایبەت و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باجدانانی کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و ڕێکخستنەوەی بازاڕی کار و پێداچوونەوەی یاساکانی پەیوەندیدار بە کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوانەی لە کەرتی تایبەت دەکەن کرا، کە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران پێکهاتووە.

دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان و سەرپەرشتیاریی لیژنەکە، ڕاپۆرتێکی خستەڕوو کە تێیدا دەستنیشانی دەرفەت و ئاستەنگەکان کرابوو بە ئاراستەی هاندانی خەڵک بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت. لەم ڕووەوە ڕێگەچارە و ستراتیج و پلانی جێبەجێکردن خرانەڕوو، هەر لەو چوارچێوەیەشدا پەیرەوی تایبەت بە پڕۆژەی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (Public -Private partnership PPP) خرایەڕوو کە ماوەیەکە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کاریان لە سەر کردووە و بڕیارە بەمزووانە بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەسەند کردنی.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی سیستەمی باج کرا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازیکردن لە داهاتەکان و ڕێکخستنەوەیان کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیکردن لە خەرجییەکان و بواری کارگێڕی. لەم ڕووەوە ئامانج تایبەتە بە بواری پڕۆژە گەورەکانی وەک وزە و تۆڕەکانی پەیوەندیی و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاردرا پڕۆژەکە بە سەرنج و تێبینی زیاتر، دەوڵەمەند بکرێت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی باج بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی دیاری داهات. ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و ڕێکخستنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، هەروەها ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرپەرشتیاری ئەو لیژنەیەی بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتووە، ڕاپۆرتی لیژنەکەی سەبارەت بە باجەکان خستەڕوو کە تێیدا ئاماژەی بە ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم گەشەکردنی سیستەمی باج کرد بە تایبەتی لە بواری پڕۆژە گەورەکانی وەک وزە و تۆڕەکانی پەیوەندیی و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاردرا پڕۆژەکە بە سەرنج و تێبینی زیاتر، دەوڵەمەند بکرێت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی باج بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی دیاری داهات. ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و ڕێکخستنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، هەروەها دەربارەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی سیستەمی باج کرا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازیکردن لە داهاتەکان و ڕێکخستنەوەیان کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیکردن لە خەرجییەکان و بواری کارگێڕی. لەم ڕووەوە ئامانج کارکردن لە کەرتی تایبەت. لەم ڕووەوە ڕێگەچارە و ستراتیج و پلانی جێبەجێکردن خرانەڕوو، هەر لەو چوارچێوەیەشدا پەیرەوی تایبەت بە پڕۆژەی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (Public -Private partnership PPP) خرایەڕوو کە ماوەیەکە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کاریان لە سەر کردووە و بڕیارە بەمزووانە بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەسەند کردنی.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی سیستەمی باج کرا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازیکردن لە داهاتەکان و ڕێکخستنەوەیان کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیکردن لە خەرجییەکان و بواری کارگێڕی. لەم ڕووەوە ئامانج تایبەتە بە بواری پڕۆژە گەورەکانی وەک وزە و تۆڕەکانی پەیوەندیی و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاردرا پڕۆژەکە بە سەرنج و تێبینی زیاتر، دەوڵەمەند بکرێت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی باج بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی دیاری داهات. ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و ڕێکخستنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، هەروەها دەربارەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی سیستەمی باج کرا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازیکردن لە داهاتەکان و ڕێکخستنەوەیان کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیکردن لە خەرجییەکان و بواری کارگێڕی. لەم ڕووەوە ئامانج تایبەتە بە بواری پڕۆژە گەورەکانی وەک وزە و تۆڕەکانی پەیوەندیی و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاردرا پڕۆژەکە بە سەرنج و تێبینی زیاتر، دەوڵەمەند بکرێت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی باج بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی دیاری داهات. ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و ڕێکخستنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، هەروەها دەربارەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی سیستەمی باج کرا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازیکردن لە داهاتەکان و ڕێکخستنەوەیان کە هاوشانە لەگەڵ چاکسازیکردن لە خەرجییەکان و بواری کارگێڕی. لەم ڕووەوە ئامانج تایبەتە بە بواری پڕۆژە گەورەکانی وەک وزە و تۆڕەکانی پەیوەندیی و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاردرا پڕۆژەکە بە سەرنج و تێبینی زیاتر، دەوڵەمەند بکرێت بە ئامانجی ڕێکخستنەوەی باج بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی دیاری داهات. ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و ڕێکخستنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، هەروەها چاوخشاندنەوە بە لێخۆشبوونی باج لە چوارچێوەی یاساداو جێبەجێکردنی میکانیزمی نوێی ئەژمارکردنی باج و ڕێکخستنەوەی کاری ژمێریاریی یاسایی، بۆ ڕێگریکردن لە خۆزینەوە لە باج دان.

کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەن کێشەکان لە چوارچێوەی یەک پاکێجدا چارەسەر بکرێن

ئەحمەد سەفار: بە بڕوای من ئەم هەفتەیە شاندی هەرێم و حکوومەتی عێراق دەگەنە ئەنجامێکی کۆتایی



بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاندووە لەم هەفتەیەدا شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی نەوت دەبێت بۆ ئەوەی کێشەکان لە چوارچێوەی یەک پاکێجدا چارەسەر بکرێن، نەک تەنیا لە پرسی مووچە و بودجە، دەشڵێ بە بڕوای من ئەم هەفتەیە شاندی هەرێم و بەغدا دەگەنە ئەنجامی کۆتایی.

ئەحمەد سەفار، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە واد و ئەجێندای سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، لە گفتوگۆیەکیدا بە تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕاگەیاند: کاتی سەردانیکردنی شاندەکە پەیوەستە بە حکوومەتەوە، بەڵام پێویست دەکات لەم هەفتەیەدا سەردانی بەغدا بکەن، کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی نەوت دەبێت بۆ ئەوەی کێشەکان لە چوارچێوەی یەک پاکێجدا چارەسەر بکرێن، نەک تەنیا لە پرسی مووچە و بودجە.هەروەها سەفار ڕاشیگەیاند: عێراق چەندین داواکاریی دیکەی هەیە و لە دوایین دانیشتنمان لەگەڵ وەزیری دارایی و پلاندانان و پارێزگاری بانکی ناوەندی کە ڕۆژی چوارشەمە لە پەرلەمان میواندارمان کردن لە لیژنەی دارایی لە بەغدا، ئەوان گوتیان ئێمە وەکو حکوومەتی فیدراڵی کارتی خۆمان ئامادە کردووە و شاندی هەرێمیش کارتی خۆی ئامادەکردووە، گوتیان هەفتەی داهاتوو، واتە ئەم هەفتەیە، پێکەوە کۆدەبینەوە و دەگەینە چارەسەرێک و گەشبینیش بوون کە دەگەنە چارەسەرێک.

سەبارەت بەو ماوەیەی کە بڕیارە هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەحمەد سەفار گوتی: لە ڕاستیدا ئەوە کۆبوونەوەی یەکەم نییە، لە سەرەتاوە کە حکوومەتی دەستیبەکار کردووە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاک مەسرور چووە بەغدا، چوو ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، هەروەها شاندی هەرێمی کوردستان چەند جارێک سەردانی بەغدایان کردووە و گەیشتنە ڕێککەوتنێکی زۆر باش و هەردوولایش واژۆیان کرد، بەڵام بە داخەوە عێراق کەوتە دۆخێکی خراپ و خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد و حکوومەت دەستی لەکارکێشایەوە و بووە حکوومەتێکی کاربەڕێکەر.

دوای ئەوەیش بۆ چەند جارێکی دیکە شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردووەتەوە و کۆتایی بەکارەکان هێناوە.

سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی ئەم هەفتەیە، گوتی: لەم هەفتەیەدا تەنیا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی کۆتایی بکەن، چونکە لەم دواییەدا حکوومەتی عێراق داوای هەندێک زانیاری و داتای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو، ئەوانیش ئامادەیان کردووە، بۆیە بە بڕوای من ئەو سەردانەیان بەس دەبێت بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی کۆتایی.

جوان ڕۆژبەیانی بۆ «خەبات»: مانەوەی ڕاکان جبووری لە پۆستەکەی مەترسی لەسەر پێکەوەژیان دروست دەکات



کارزان حەیدەر/ خەبات

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بە مەترسی بڕیارەکانی ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک دەکا بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دەڵێ:"مانەوەی جبووری مەترسی لەسەر پێکەوە ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانە دروست دەکات.

جوان یونس ڕۆژبەیانی- سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان لە بارەی بڕیارێکی ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان لە ناوچە کوردستانییەکان بۆ (خەبات) ڕایگەیاند: پاش نووسراوەکەی ڕاکان جبووری کە ئاراستەی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی کەرکووکی کردووە لە 17/5/2020 بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لەناوچە کوردستانییەکان، وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان پەیوەندییان بە لایەنی پەیوەندیدار و نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمان و حکوومەتی عێراق کردووەو تاوتوێی پرسەکەیان کردووە کە پرسێکی مەترسیدارەو هەڕەشە لە ئایندەی پێکەوەژیان دەکات لەو ناوچانە.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان زیاتریش گوتی: دوای هەوڵ و گوشارەکانی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەسەر ئەو پرسە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی کەرکووک ئاگادار کرایەوە لەوەی بڕیارە نهێنییە مەترسیدارەکەی ڕاکان جبووری جێبەجێ نەکەن.

جوان ڕۆژبەیانی بۆ خەبات دەشڵێ: ئەو هەنگاوەی جبووری زەنگێکی مەترسیدارە و پێویستە هەرچی زووە ئەو کەسە لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە، چونکە مانەوەی مەترسی و هەڕەشەیە لەسەر پێکەوەژیان لە سنووری پارێزگای کەرکووک.

عەلی حوسێن بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە پارتی گەشەپێدانی تورکمان دەکات



دوێنێ یەکشەممە عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی بە یاوەری شاندێک لەبەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی بارەگای پارتی گەشەپێدانی تورکمانی کرد و لەلایەن محەمەد سەعەدین ئیلخانی سەرۆکی پارتی گەشەپێدان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی پارت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و تەواوی کادیرو ئەندامانی پارتی گەشەپێدانی تورکمان کردو هیوای خواست ئەم یادە هەنگاوێک بێت بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو پاراستنی یەکریزی و تەبایی و پێشکەوتنی کیان و ئەزموونی دیموکراسی گەلی کوردستان بەتەواوی پێکهاتەکانی کوردەوە.

پاشان لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ڕۆلی پارتە تورکمانییەکانی لەقۆناغە جیاجیاکان و هەلوێست و هەنگاوەکانیان بەرامبەر بەپرسە سیاسی و نیشتمانییەکان و بەشداری کارایان لە حکوومەت و تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بەگرنگ دانا بۆ چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان و هەماهەنگی و بەرپرسیارەتی مێژووی لە وڵاتدا.

پەرلەمانتارێک: نەناردنی یاسای بوودجەی گشتیی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کێشە و گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات

ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، حوسێن عوقابی ڕایگەیاند کە نەناردنی یاسای بوودجەی گشتیی لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، کێشە و گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات. میدیاکانی خۆجێی بڵاویانکردەوە، حوسێن عوقابی لە لێدوانێکدا ئەوەی گوتووە "ئەنجوومەنی نوێنەران، حکوومەتی ناچارکردووە کە تا کۆتایی ئەم مانگە یاسای بوودجەی گشتیی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات".

گوتیشی: ئەگەر تا ئەو بەرواڕە، حکوومەت یاسای بوودجەی گشتیی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکات، ئەوا کێشە و گرفتەکان، ئاڵۆزتر دەکات. ناوبراو ڕاشیگەیاندووە کە پێویستە حکوومەت جیددی و پەرۆشی ئەوە بێت کە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و دارایی کە وڵات ڕووبەڕووی بووتەوە، بخاتەگەڕ. لە سێی ئەم مانگەدا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر بڕیارێک دا کە حکوومەت ناچار دەکات لە میانی ئەم مانگەدا، یاسای بوودجەی گشتیی سالی2020 ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات. چاوەڕوانییش دەکرێت، بوودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ڕووبەڕووی کورتهێنان ببێتەوە.



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

شەڕی ئیمتیازات و خۆشاردنەوە لە بەرپرسیارێتی

لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمدا بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، هێز و لایەنە سیاسییەکان زۆرترین شەڕی وەرگرتنی پۆست و ئیمتیازاتیان کرد، تا دواجار پارتی چاوپۆشی لە زۆر شت و مافی خۆی کرد، بۆ ئەوەی یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان بە ئاراستەی ئاڵۆزی زیاتر نەچێت و حکوومەتیش ڕەنگدانەوەی تەواوی لایەنە سیاسییەکان بێت و شانبەشانی بەر بەرپرسیارێتییەیەک لە بەرژەوەندیی خەڵک بکەوێتەوە، مەرجی پارتیش ئەوەبوو ئەو حزبانەی دێنە ناو حکوومەتەوە، بەشەو ئۆپۆزسیۆن نەبن و بەرۆژیش لەسەر کورسییەکانی حکوومەت دەوام بکەن، ئێستا خەریکە ئەو مۆدێلە زەقتر دەبێتەوە، بەوەی حزب هەیە لە حکوومەتدایە، وێڕای خۆشاردنەوەی لە بەرپرسیارێتییەکان، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش دەبینێت.

حکوومەت بەتەنیا پارتی پێکی نەهێناوە و چەندین حزبی سیاسی دیکەش تێیدا بەشدارن و زیاتر لە قەبارەی بەرکەوتەی هەڵبژاردنیش پۆستیان وەرگرتووە، حزب هەیە بەنیوەی پارتی کورسی نییە، کەچی هێندەی پارتی پۆستی بردووە، ئەمە چییە؟ ئەگەر ڕێزگرتنی پارتی نەبێت لەو لایەنانە و ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی و تەبایی کوردستان نەبێت! پارتی لە بەشێکی مافەکانی خۆیشی خۆشبووە بۆ ئەوەی حکوومەت ڕەنگدانەوەی هەموو حزبەکان بێت، بەوپێیەی حزبەکانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەن، ئەگینا خۆی دەیتوانی لەگەڵ پێکهاتەکان حکوومەت پێکبهێنێت، وەلێ ڕەچاوی تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کرد و دەستبەرداری بەشێکی مافەکانی خۆی بوو.

ئێستا ئەو حزبانە سەرەڕای ئەوەی زیاد لە قەبارەی خۆیان پۆستیان بردووە، خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکان دەشارنەوە و کۆی بەرپرسیارێتییەکان بەتەنیا دەخەنە ئەستۆی پارتی، لەکاتێکدا پارتی دروستتر کابینەی نۆیەم نەیگووتووە قەیران و کێشە نییە، بەڵکوو دەڵێ ئێمە هەوڵدەدین چاکسازی بکەین و قەیرانەکان چارەسەر بکەین، بەشێوەیەک خەڵکی کوردستان لێی سوودمەند بن، کەچی هەندێ حزب بە ئاشکرا خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکان شاردووتەوە و تیریش ئاڕاستەی ئەو حکوومەتە دەکەن کە خۆیان پۆستیان تێیدا هەیە، بە ڕێکخستنی کەمپین دژی حکوومەت و هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییەکان.

کابینەی نۆیەم ئەگەر بەتەنیا پارتی تێدا بمێنێتەوە، لە پرسی چاکسازی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی پاشەکشە ناکات و بە جیدیش لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت و ئەوڵەویەتی کاری حکوومەتیش بژێوی خەڵکە، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی هەرێم دەزانێت بە ئەنقەست بەربەرستی دەخرێتە پێش تا پاشەکشە لە پرسی چاکسازی بکات، بەڵام حکوومەت بەردەوامی بەو پرۆسە چاکسازییانەی دەدات کە سوودی گشتییان تێدایە. بەگوێرەی زانیارییەکانیش ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەت سەردانی بەغدا دەکات و پرسی نەوت و بودجە و دارایی بە گشتی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

هەندێک لایەن دەیانەوێ ئاستەنگ بخەنە بەردەم پرۆسەی چاکسازی

بڵند ئیسماعیل: پارتی هەموو کات لەگەڵ چاکسازی و پێداچوونەوە بووە بە هەموو بوارەکاندا



بڵند ئیسماعیل، بەرپرسی لقی 16ی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە وەک پارتی بە هەموو توانای خۆمان پاڵپشتی و پشتگیری لە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی دەکەین لە هەرێمی کوردستان، پێشتریش ڕامانگەیاندووە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانین بۆ چاکسازی، چونکە دەمانەوێ یەکسانی جێبەجێ بکرێت و بە ئەنجامدانی چاکسازی دەتوانین وڵاتی خۆمان بەرەو پێشەوە ببەین.

بەرپرسی لقی 16دەشڵێت: پارتی هەموو کات لەگەڵ چاکسازی و پێداچوونەوە بووە بە هەموو بوارەکاندا، دیارە لە پەرلەمانیش فراکسیۆنی پارتی یەکێک بوو لەو فراکسیۆنانەی زۆر بە جیددی کاری بۆ پەسەندکردنی یاسای چاکسازی دەکرد و لە کاتی جێبەجێکردنیشیدا هەموو هاوکارییەکی حکوومەت دەکەین.

پەیوەست بە ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی، بڵند ئیسماعیل ڕوونی کردەوە: دیارە شتێکی شاراوە نییە، هەندێ هێز و کەس دژی ئەنجامدانی چاکسازین، چونکە ئەگەر چاکسازی بکرێت، ئەوە بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەش ئاستەنگ بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دروست دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی داوە و لە کاتی خۆیدا یاسای چاکسازی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی:

پێویستە وڵاتانی ناوچەکە بە هاوبەشی بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە گرنگی بە پتەوترکردنی هاوکارییەکانی عێراق لەگەڵ کوێت دەدەن بە تایبەتیش لە بواری ئەمنی و ئابووریدا و ئاماژە بەوەیش دەکات کە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە بە هاوبەشی بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە مستەفا کازمی لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاندووە، گرنگی بە پتەوترکردنی هاوکارییەکانی عێراق لەگەڵ کوێت دەدەن بە تایبەتیش لە بواری ئەمنی و ئابووریدا، بۆ ئەوەی خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە بکات، هەروەها لێکەوتەکانی قایرۆسی کۆرۆنا بەسەر ئابووریدا، تێپەڕێندرێت.

سەرۆکوزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ئاماژەی بەوەیش داوە کە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە بە هاوبەشی بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە. ڕاشیگەیاندووە "هەردوو وڵات دەرفەتێکی میژوویی بۆ پتەوترکردنی پەیوندییە دووقۆڵییەکانی نێوانیان هاتووەتە پێش کە دەتوانن لە میانیدا کێشەی سنوور چارەسەر بکەن و گوتی: گرنگە ئاستەنگەکانی بەردەم کاری لیژنە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و کوێت لاببرێن، هەروەها بڕیارەکانی کۆنگرەکەی کوێت جێبەجێ بکرێن.

جێی باسە دوێنێ یەکشەمە وەزیری دەرەوەی کوێت، ئەحمەد بن ناسر محەمەد ئەلسەباح بەئامانجی تاوتوێکردنی ژمارەیەک ڕۆژەڤی گرنگ تایبەت بە هەردوو وڵات، گەیشتبووە بەغدا.

کۆرۆنا.. تۆمارکردنی 202 حاڵەتی دیکەی تووشبوون لە دوو پارێزگای عێراق



لە پارێزگاکانی زیقار و نەجەف باشووری عێراق، 202 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ، تۆمارکران. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە پارێزگای زیقار لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی خۆجێیی ڕایگەیاندووە کە لە تاقیگەکاندا، 122 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، دەستنیشانکراون.

ئاماژەی بەوەیش دا، ئەوە بەرزترین ژمارەیە کە تا ئێستا تایبەت بە تووشبوون بە کۆرۆنا لە زیقار تۆمارکرا بێت. ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەیش کرد کە زیادبوونی ژمارەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە پارێزگای زیقار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوواڵاتیان وەک پێویست پابەند نەبن بە ڕێنماییەکانی شانەی قەیرانەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆوە.

لە لایەکی دیکەوە میدیاکان بڵاویانکردەوە کە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە نەجەف ڕایگەیاندووە، 80 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو پارێزگایە تۆمارکراوە. بەگوتەی سەرچاوەکە، تووشبووە نوێیەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.

جێی باسە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە عێراق، 18 هەزار و 950 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیە 549 یان گیانیان لەدەستداوە حەوت هەزار و 515ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

بۆ دەربازبوون لەو گوشارە نێودەوڵەتییەی لەسەریەتی

چین پێشبڕکێ دەکات بۆ ئامادەکردنی چارەسەری کۆرۆنا



خەبات ـ مەریوان

نەقشەندی: ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حکوومەتی چین بڵاویکردەوە کە 57 حاڵەتی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناوخۆی ئەو وڵاتەدا دەرکەوتووە ئەوەش بووە هۆی مەترسی سەرلەنوێ بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لەچیندا. لەلایەکی ترەوە گوشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر چین بەهۆی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لەم وڵاتەدا وایکردووە زانا و پسپۆڕانی تەندروستی و کۆمپانیا تایبەتمەندەکان بەبەرهەمهێنانی دەرمان لەوڵاتی چین بکەونە پێشبڕکێ لەسەر دروستکردنی ڤاکسین و دۆزینەوەی چارەسەری تووشبووان بەڤایرۆسی کۆرۆنا. ئێستا زیاتر لە10 ناوەندی پزیشکی و تۆێژینەوەی تەندروستی تایبەت بەداهێنان و دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان لە وڵاتی چین شەو و ڕۆژ کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی ڤاکسین و چارەسەری جێگەیی (سریری) بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان، یاخود بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەم ڤایرۆسە کە بەهۆی ئەوەی سەرەتا لەم وڵاتەوە بڵاوبۆتەوە ئێستا بەشێک لەوڵاتانی دنیا و بە تایبەتیش ئەمەریکا و بەشێک لە هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دەستی تۆمەت بۆ چین ڕادەکێشن لەسەر کەمتەرخەمی لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە. ئەم ناوەندە چینییانە چەندین ڤاکسین و چارەسەری جۆراوجۆریان لەسەر مرۆڤ و مەیموون و گیاندارەکانی تر تاقیکردۆتەوە و هەندێکیان دەڵێن لە مانگی 9ی ئەمساڵدا ڤاکسینی دژە کۆڤید 19ئامادە دەکەن و دەتوانن بەدانیشتوانی جیهانی بفرۆشن بەشێکی تریشیان دەڵێن هەتا کۆتایی ئەمساڵ چارەسەری 99%ی ئەم ڤایرۆسە دەدۆزینەوە و چیتر ڕێگە نادەین مرۆڤەکان بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە بمرن. بەڵام ڕاگەیاندووە کە ئەم چارەسەرە بەریتانییە لەپایزی ئەمساڵدا دەگاتە ئیتاڵیا و دەخرێتە خزمەت هاووڵاتیانی ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا کە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکە بۆندیان مۆرکردووە.

لەلای خۆیەوە ینس شبان وەزیری تەندروستی ئەڵمانیا لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندووە کە یەکێتی ئەورووپا دەبێ بەزووترین کات چارەسەری تووشبووان و ڤاکسینی دژ بە ڤایرۆسی کۆڤید 19بۆ دانیشتوانی ئەورووپا و جیهان پەیدا بکات و تیمێکی تایبەتمەندیش بۆ ئەم مەسەلەیە لە یەکێتی ئەورووپا ڕاسپێردراوە بەڵام نازانرێ ئاخۆ بودجەی پێویست بۆ تێچووی ئەم دژە ڤایرۆسە و گەیاندنی بە هەموو دانیشتوانی ئەورووپا لەبەردەستە یان نا.



کۆمپانیایەکی بەریتانی لەکۆتایی ئەمساڵدا 400 ملیۆن ڤاکسینی دژە کۆرۆنا دەداتە وڵاتانی ئیتاڵیا و هۆڵندا و فەرەنسا و ئەڵمانیا

خەبات ـ مەریوان

نەقشەندی

کۆمپانیای دروستکردنی دەرمانی بەریتانی (ئیسترازینیکا) بۆندێکی لەگەڵ هەریەکە لە حکوومەتەکانی ئیتاڵیا و هۆڵندا و فەرەنسا و ئەڵمانیا مۆرکردووە بۆ ئەوەی پێش کۆتایی ئەمساڵ 400 ملیۆن ڤاکسینی دژ بەڤایرۆسی کۆرۆنا و جورعەی چارەسەری تووشبووان کە زاناکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد پێشیانخستووە و دۆزیویانەتەوە بفرۆشنە ئەم چوار وڵاتە و تەئکیدیش دەکەنەوە کە ئەنجام و کاریگەریی ئەم دژە ڤایرۆسە گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو بەجۆرێک پلانیان هەیە لە سەرەتای ساڵی نوێدا زیاتر لە 2ملیار جورعەی ئەم ڤاکسینە ئامادەبکەن.

ڕۆبەرتۆ سبیرانزا وەزیری تەندروستی ئیتاڵیا بە ئاژانسی ڕێتەرزی ڕاگەیاندووە کە ئەم چارەسەرە بەریتانییە لەپایزی ئەمساڵدا دەگاتە ئیتاڵیا و دەخرێتە خزمەت هاووڵاتیانی ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا کە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکە بۆندیان مۆرکردووە.

لەلای خۆیەوە ینس شبان وەزیری تەندروستی ئەڵمانیا لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندووە کە یەکێتی ئەورووپا دەبێ بەزووترین کات چارەسەری تووشبووان و ڤاکسینی دژ بە ڤایرۆسی کۆڤید 19بۆ دانیشتوانی ئەورووپا و جیهان پەیدا بکات و تیمێکی تایبەتمەندیش بۆ ئەم مەسەلەیە لە یەکێتی ئەورووپا ڕاسپێردراوە بەڵام نازانرێ ئاخۆ بودجەی پێویست بۆ تێچووی ئەم دژە ڤایرۆسە و گەیاندنی بە هەموو دانیشتوانی ئەورووپا لەبەردەستە یان نا.

د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی ڕەوشی پێکهاتە ئایینیەکان بەرز دەنرخێنین



ڕۆژی 10/6/2020 وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دەربارەی ڕەوشی پێکهاتە ئایینیەکان بۆ ساڵی 2019 بڵاوکردەوە، ئەم ڕاپۆرتە باس لە چەند وڵاتێک دەکات کە پێشێلکارییان تێدا ئەنجامدراوە لەلایەنی ئایینییەوە. سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتەکە تیشکی خستۆتە سەر چەند پێشێلکاری وئاستەنگ دروستکردن لە بواری ئازادی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان و ڕەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و ئەوە ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە وەک نەگەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان. لەبارەی ڕاپۆرتی ناوبراو د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی: ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پاراستن و پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێم بەم پێیەش گشت ئەو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین بەپێی یاسا مافەکانیان لە بواری سیاسی، یاسایی، پەروەردەیی، ئیداری و کەلتووری پارێزراوە و حکوومەت هەوڵ پەرەیان پێ بدات و بوژانەوەی ئابووری بێتە دی لەو ناوچانەی پێکهاتەکان ژیانی تێدا بەسەر دەبەن لەوانەش ناوچەی ئێزیدیەکان و مەسیحیەکان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان. ڕاپۆرتەکە ستایشی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات بۆ پتەوکرد گیانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینیەکان بەپێی یاسا و نۆرمە ڕایەتییان لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و ئەنجامدانی سروت و بژێنە ئایینیەکان بە ئازادی، هەروەها تیشک دەخاتە سەر پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە ڕووی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری.

لە لایەکی دیکەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پێکهاتە ئایینییەکان هەرێمی کوردستان بە پەناگەیەکی ئارام دەزانن بۆ حەواندنەوە دوای ئاوارە بوونیان و یارمەتیدانیان، هەروەها هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمیش بەرز دەنرخێنێت لە ڕزگار کردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕفێندراون.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە لە بازگەکانی نێوان هەردوو پارێزگای دهۆک و موسڵ بە شێوازی جیاجیا ئاستەنگ بۆ پێکهاتەکان دروست دەکرێت، دوای پەیوەندی کردن بە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە و لایەنە ئەمنییەکان بەپێچەوانەوە لەسەر داوای بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە دەڕگا ئەمنییەکان کارمەندانی خۆیان زیاد کردووە بۆ یارمەتیدانییان، تەنانەت لە کاتی قەدەغەی هاتووچۆی لە میانەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا لە بازگەی تلسقۆف - باتنایا ئاسانکاری زیاتر بۆ پێکهاتەکان کراوە بەتایبەتی کریستیان و مەسیحییەکان لە کاتی ڕشاندن و دروێنەی بەروبوومەکانیان.

سەبارەت بە گرانی نرخی ئەنجامدانی مەراسیمی حەج و عومرە لە هەرێمی کوردستان، لە شانشینی عەرەبی سعودیە باج و ڕسوماتەکانی تایبەت بە حەج و ڕۆژانی هاتن و گەڕانەوەی حاجییەکانیش دیاری دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە حاجیانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٣٥) ڕۆژ لە وڵاتی سعودیا دەمێننەوە، بێگومان ئەم ماوە زۆرە خەرجییەکی زیاتری دەبێت بۆ حاجییەکان ئەمە جگە لە گرانی هاتوچۆ ئاسمانی لە نێوان هەرێم و سعودیا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نرخی سەفەری حەج بەم شێوەیەی ئێستا لەلایەن دەستەی بالای حەج و عومرەی عێراقییەوە دەخەملێندرێت.

سەبارەت بە دووستکردنی ئاستەنگ بۆ ئێزیدییەکان و ناچارکردنیان کە خۆیان بە کورد بناسێنن .ئاشکرایە لە کاتی ڕایی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیان لە فەرمانگەکانی ئایینی و نەتەوەییەکانن نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، چەندین جار داوامان کردووە کە پێویستە ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی شنگال و ئەوە هێزە چەکدارییەی کە لە خەڵکی ناوچەکە پێکهاتوون دەمەڵاتیان نەمێنێت و دووبارەخرێنەوە بۆ ئەوەی سیمای عەسکەرتاری لە ناوچەکە بنڕ بکرێت وخزمەتگوزاری پێویست وەک ئاو و کارەبا بە خەڵکی ئەو ناوچانە دابین بکرێت لە هەمان کاتدا ناوچەکە لە مین و تەقەمەنییەکانی داعش پاک بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە.

لە بارەی مافی پێکهاتە ئایینییەکان لە ڕووی کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و خوێندنی تورکمانی و سریانی لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و لاوان و پەروەردە دامەزراوە بۆ ئەم مەبەستەش خوێندن بە زمانی تورکمانی و سریانی دەخوێندرێت لە دیان قوتابخانەی هەرێم، هەروەها دەستەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک سەرپەرشتی خوێندنی ئایینی ئێزیدی دەکات و لە ساڵی 1999ەوە تا ئێستا لەو ناوچانەی کە ئێزیدییەکان تێیدا زۆرینەن وانەی ئێزیدیاتی دەخوێندرێت لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی.



دوای شەڕی داعش.. پێشمەرگە جارێکی دیکە (خاچ)ی بۆ سەر کلێساکان گەراندەوە

نەتەوە یەکگرتووەکان: ئەو مووشەکانەی لە هێرشەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعوودییە بەکارهاتبوون، ئێرانی بوون

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گوتێرێس لە ڕاپۆرتێکدا ڕۆژی پێنجشەمە بە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕاگەیاندووە ئەو مووشەکە کروزانەی لە چەند هێرشێکدا بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکان و فڕۆکەخانەیەکی نێونەتەوەیی لە عەرەبستانی سعوودییە ساڵی ڕابوردوو بەکارهاتوون، دروستکراوی ئێرن بوون.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا گوتێرێس گوتوشیەتی چەندین کەرەستەی چەک و پەیوەندیدار بە چەکەوە کە لە مانگی 11ی 2019 و مانگی 2ی 2020 لەلایەن ئەمەریکاوە دەستیان بەسەردا گیراوە، ئێرانی بوون. دەشڵێت: هەندێک لەوانە دیزاینەکانیان هاوشێوی ئەو کەرەستانەیە کە لەلایەن کارگەیەکی بازرگانی لە ئێران دروستکراون و هەندێکیان لەنێوان مانگی 2ی 2016وە بۆ مانگی 4ی 2018 ڕوانەی وڵاتەکە کراون.



واشنتۆن هەوڵدەدات ئەو ئەنجوومەنە 15 ئەندامییە ڕازی بکات کە ئابڵوقەی چەک بۆ سەر ئێران درێژ بکەنەوە کە لە مانگی 10ی ئەم ساڵ بەپێی ڕێککەوتنی ناوکی چەک بەسەردەچێت. لەنێو ئەو پێنج ئەندامەی کە مافی ڤیتۆیان هەیە ڕووسیا و چین ئاماژەیان بەوە کردووە دژی ئەو هەنگاوەن. گوێتێرس ساڵانە دوو جار ڕاپۆرتی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی ئابوڵقەی چەک بۆ سەر ئێران و ئەو کۆتوبەندانەی تری کە پاش ڕێککەوتنە ناوکییەکە مابوون، دەدات بە ئەنجوومەنی ئاسایش. بڕیارییشە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ئەنجوومەنی ئاسایش تاوتوێی ڕاپۆرتەکەی گوتێرس بکات.

بالێزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کێلی کرافت، دەڵێت: بەمزووانە بەرنووسی بڕیارێک بۆ درێژکردنەوەی ئابلوقەی چەک بۆ سەر ئێران ئامادە دەکات و ئەمەریکاش هۆشداری دەدات ئەگەر سەرنەکەوت لەم هەوڵەدا، ئەوا هەموو سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران بەپێی ڕێککەوتنە ناوکییەکە دەسەپێنێتەوە بەسەر ئێراندا هەرچەندە لە ساڵی 2018وە لەو ڕێککەوتنە دەرچووە. دیپلۆماتەکان دەڵێن پێدەچێت واشنتن نەتوانێت بە ئاسانی تاوتوێی ڕاپۆرتەکەی گۆتێرس بکات.

ئێران..
لە 24 کاتژمێردا دوو هەزار و 472 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 107 کەسیش گیانیان لەدەستدا

دوێنێ یەکشەمە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ئاماری 24کاتژمێری ڕابردووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی ئاشکرا کرد. بەپێی ئامارەکان107 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەیشی کە تا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، هەشت هەزار و 837 کەس.

سیما سادات لاری ئەوەیشی خستەڕوو کە دوو هەزار و 472 حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراون و ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە، 187 هەزار و 427 کەس کە باری تەندروستیی دوو هەزار و 781یان ناجێگیرە.

هەروەها 148 هەزار و674 تووشبووی ڤایرۆسەکە دوای وەرگرتنی چارەسەر چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە.

ناوبراو ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە یەک ملیۆن و 244 هەزار و 74 پشکنینی تایبەتی ڤایرۆسەکە ئەنجامدراوە.

گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستیی ئێران پاریزگاکانی خوزستان، ئازەربەیجانی ڕۆژئاوا، هورموزگان، کوردستان، کرماشان، سیستان و بەلۆچستان و بوشەهری بە ناوچەی سوور ناو برد کە بەشێوەیەکی بەرفراوان ڤایرۆسەکەیان تیادا بڵاوبووەتەوە. جێی باسە یەکەمین حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ئێران لە19 شوباتی ڕابردوو لە پاریزگای قوم تۆمارکرا.

ڕووسیا..
ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە نزیکەی 530 هەزار کەس



ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا، کۆتا ئامارەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی خستەڕوو. بەپێی ئامارەکانی ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا، هەشت هەزار و 835 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراون و ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە، 528 هەزار و964 حاڵەت. هەروەها 119تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەیشی کە لەو وڵاتە بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، شەش هەزار و948 کەس.

تا ئێستاش زۆرترین حاڵەت لە مۆسکۆی پایتەخت تۆمار کراوە کە بریتییە لە 205 هەزار و 905حاڵەتی تووشبوون و سێ هەزار و281 حاڵەتی گیانلەدەستدان.جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە 19ی ئاداری ڕابردوودا تۆمار کرا و هەر لە کۆتایی ئەو مانگەوە ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە لەو وڵاتە گیرانەبەر.



بەیاننامەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕێنماییەک دەداتە سەرجەم شۆفێران و ئاگاداریان دەکاتەوە، هەر کەسێک پابەند نەبێت، سزا دەدرێت.
لە بەیاننامەکەدا کە واژۆی ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، هاتووە، هەر شۆفێرێک ئامێری دەنگی یان ڕوناکی لە ئۆتومبێلەکەی ببەستێت سزا دەدرێت بۆ زانین و ئاگاداریتان.
بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ:
1- ئامێری دەنگی یان ڕووناکی بە هەموو شێوەیەک بۆ هەموو ئۆتۆمبێلێک قەدەغەیە، جگە لە دەزگای ئەمنی و دەزگا ڕێگەپێدراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئەمبوڵانس.
2- هەر کەسێک پابەندی بڕیارەکە نەبێت، بۆ ماوەی یەک هەفتە دەست بەسەر ئۆتومبێلەکەیدا دەگیرێت و پاکانەی بۆ دەکرێت و گشت سزایەکان لێوەردەگرێت.
3- بە بڕی یەک ملیون دینار سزا دەدرێت.
4- ئەگەر دوبارە بەکاری هێنایەوە بە بڕی دوو ملیون دینار سزا دەدرێت.
5- ئەم بەیانە لە بەرواری دەرچوونییەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

لە شاری هەولێر هەڵمەتێکی خوێن بەخشین ئەنجامدرا



ڕۆژی 14ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی خوێنبەخشین دیاریکراوە.
ئامانج لەم ڕۆژە ئەوەی هەموو تاکێک بەپێی پێویست خوێن ببەخشنە ئەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی بەتایبەت ئەو کەسانەی نەخۆشی تەلاسیمایان هەیە و بەردەوام پێویستاین بەخوێنە.
ڕۆژی یەکشەممە 2020/6/14 ژمارەیەک لە هاونیشتیمانیانی هەولێر بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان لە بانکی خوێنی هەولێر خوێنیان بەخشی.
شایانی باسە دوای وەرگرتنی خوێنەکە پۆلێن دەکرێت بۆ چوار بەش و دەدرێتە ئەو کەسەی پێویستی پێیەتی، هەر خوێن وەرگرتنێکیش4 تاوەکو 10 خولەکی پێویستە و ڕۆژانەش 120 تاوەکو 180 کەس لە بانکی خوێنی هەولێر خوێن دەبەخشن.
لە جیهان بەگشتیی کێشەی جۆری خوێن هەیە بەشێکیان زۆرن و بەشێکیان دەست ناکەون، وەک ئەو جۆرانەی هەڵگری هێمای (-)، یەکێک لە ئامانجی ئەم ڕۆژە ئەوەیە ئەو هاونیشتمانیانەی خاوەنی ئەم جۆرە خوێنانەن ببەخشنە ئەو نەخۆشانەی پێویستیان پێیەتی و بەئاسانی ئەو جۆرە خوێنانەیان دەست ناکەوێت.

فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: کردەوە تیرۆریستییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاویکردەوە کردەوە تیرۆریستییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور، و بە پێویستی دەزانێت میکانیزمی هەماهەنگی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە فیدراڵییەکان لەو ناوچانە کارا بکرێتەوە. فراکسیۆنەکە ڕاگەیەنراوێکی سەبارەت هێرشەکەی شەوی ڕابردووی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر گوندی دارا سەر بە قەزای خانەقین، بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: "ئیدانەی ئەو هێرشە تیرۆریستییە ترسنۆکانەیە دەکەین کە شەوی ڕابردوو کرایە سەر کەسوکارە کاکەییەکانمان لە گوندی دارا سەربە قەزای خانەقین و بەهۆیەوە ژمارەیەک کەس بوونە قوربانی". ڕاشگەیەنراوە "ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردە تیرۆریستیانە، دەبنە هۆی هەڕەشە و مەترسی بۆسەر ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستوور، بۆیە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی و خەمخۆرییمان بۆ پاراستنی گیانی هاوواڵتییان، دەبێت میکانیزمی هەماهەنگی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە فیدراڵییەکان لەو ناوچانە کارا بکرێتەوە". لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هاتووە: "داوا لە سەرجەم لایەن نیشتمان پەروەرەکان دەکەین، هەوڵەکانیان زیاتر یەکبخەن لە پێناو وەدەرنانی تیرۆریستان لەو ناوچانە و جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بە هاوبەشی لە نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە لە ئێستادا تیرۆریستان وەک دەرفەت بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە جێناکۆکەکان دەیقۆزنەوە و بەهۆیەوە هاووڵاتیان دەبنە قوربانی".

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان

هێرشکردنە سەر کاکەییەکان سەرکۆنە دەکات



لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان سەرەخۆشیی لە کاکەییەکان دەکات.
ئایدن مەعروف سەرکۆنەی هێرشەکەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر گوندی میرخاسی کاکەییەکان لە سنووری شاری خانەقین دەکات.
دەقی ڕاگەیەندراوەکەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان:
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، پەلامارە تیرۆریستیەکەی داعش بۆ سەر گوندی میرخاسی کاکەیی نشین ئیدانە دەکات.
بەداخەوە شەوی 13 لەسەر 14ی ئەم مانگە، لەئەنجامی پەلامارێکی ترسنۆکانەی ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر گوندی "میخاس "ی سەر بە قەزای خانەقین، پێنج هاووڵاتی بێ گوناح شەهید و دوو هاووڵاتیی تریش بریندار بوون و سێ هاووڵاتیی تریان ڕفێندراون،
ئێمە وەک وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادە و کەسوکاری شەهیدانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە ڕادەگەینین و ئەم جۆرە کارە تیرۆرستیە مەحکوم و شەرمەزار دەکەین و هاوخەمی و هاوسۆزی خۆمانیان بۆ دووپاتدەکەینەوە، هیوای چاکبوونەوەی بەپەلەش بۆ بریندارانی دەخوازین و لە خوای دلۆقان داواکارین سەبوری خانەوادەی ڕفێندراون بدات و بەزووترین کات ڕزگار بکرێن و پێک شاد ببنەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان

هەولێر.. ئەگەر هاووڵاتیان هاوکار نەبن پارکەکان بەرەو نەمان دەچن





خەبات ـ سەید فەخرەدین

ڕۆژانە هاووڵاتیان بۆ وەرزشکردن و هەڵمژینی هەوایەکی پاک و خاوێن سوود لە پارکەکان وەردەگرن و ڕۆژانە ژمارەیان لەزیادبوونداید. بەڵام بەداخەوە دیمەنی ناشیرین و پیس و ناحەزی هەندێک شوێن لە پارکەکان ئازارمان دەدات. لەلایەکەوە دەبینین خەڵکی واهەیە زبڵ و خاشاک و بوتڵی بەتاڵی ئاو.. تد لەدوای خۆیاندا بەجێدەهێڵن و گرنگی بە پاک و خاوێنی شوێنەکە نادەن، لەم بارەیەوە ئەندازیار یەعقوب ڕەحمان بەڕێوەبەری پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لە چاودێرو کرێکارمان هەیە بۆ خاوێنکردنەوە و بەدواچوون بەڵام جێبەجێناکرێت کە زۆرێک لە هاووڵاتیان پابەندی ڕێنمایی پاکراگرتنی پارکەکە.ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر دەڵێ: ئێمە بەردەوام کارکردنمان بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی پارک و باخچەکان هەیە، بەتایبەتی دانانی سێتی یاری منداڵان. بەداخەوە لە هەندێک شوێن دەبینرێ کە هەندێ لەو سێتانەی منداڵان و وەرزشیانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە شکێنراوە، هەندێ جاریش گەورەکان بەکاری دەهێنن. بەرزو ئیسماعیل ڕواندزی دەڵێت: من ماوەیەکە سەردانی پارگی شە هید سامی عبدالرحمن دەکەم، وەک دیارە خەرجییەکی زۆر و فەرمانبەر و کارمەندی زۆری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام جێی داخە کە ئەم شوێنە جوان و دڵگیرە کە سوودێکی زۆر هەیە بۆ ژینگە و هاووڵاتیانی شاری هەولێر، لەلایەن کارگێڕیی پارکەکەو چ لەلایەن هاووڵاتیانەوە وەک پێویست پارێزگاری خزمەت ناکرێ، ئەگەر بەو شێوەیە پشتگوێبخرێن بێگومان پارکەکان بەرەو نەمان دەچن.

قایمقامی شارۆچکەی بەردەڕەش:

ڕەوشەکە لە ژێر کۆنترۆڵدایە

بە هۆی تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری قەزای بەردەڕەش، ڕێکاری پێویست گیراوەتەبەر، قایقامی بەردەڕەشیش دەڵێ، ڕەوشەکە لە ژێر کۆنترۆڵکدایە.
خەلیل مەحمود، قایقامی بەردەڕەش، ڕاگەیاند: "دوای تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری قەزای بەردەڕەش، گوندێک کەڕەنتینە کراوە و چاودێریی وردیش خراوەتە سەر سەنتەری شارۆچکەی بەردەڕەش، هەروەها تیمەکانی تەندروستی سەرقاڵی پشکنینی بەرکەوتووان و ڕەوشەکە تا ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدایە".
قایقامی بەردەڕەش گوتیشی: "قەزای بەردەڕەش دەکەوێتە نێوان سێ پارێزگا، لەبەر ئەوە پێویستە ڕێکاری زیاتر بگرینە بەر و ڕێگە نەدرێت خەڵکی لە دەرەوە قایرۆسەکە بگوزێنەوە بۆ ناوچەکەمان".
لەبارەی گلەیی هاووڵاتیان لە هاتوچۆی پردی کەڵەک، خەلیل مەحمود ڕوونی کردەوە: "پردی کەڵەک بازگەی هێزەکانی ئاسایشە و بڕیاری گرتنی بازگەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دەڕچووە نەک تەنیا بۆ ناحیەی کەڵەک، بەڵام بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆ، لە ڕێگەی فۆرمەوە مۆڵەت بە هاتوچۆی ئەو هاووڵاتیانە دەدرێت کە بۆ کاری زۆر پێویست هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان دەکەن".

کێشەی ناونیشانی زانستیی ماستەر و دکتۆرا چارەسەر کرا

دەرچوانی ماستەر و دکتۆرا داوای چارەکردنی ناونیشانی زانستیی خۆیان دەکەن لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەرپرسێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئاشکرای کرد، کێشەکە چارە دەکرێت و ناونیشانی زانستی بەو کەسانە دەدرێت. د. نەژدەت ئاکرەیی، لەو بارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕاگەیاند: ڕاستە ژمارەیەکی بەرچاو خاوەن بڕوانامەی ماستەر کێشەی ناونیشانی زانستییان هەبوو لە هەرێمی کوردستان، چونکە پێویستە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆیان ڕێک بخرێت". ئاکرەیی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەپێی ئەو پێوەرانەی پێشتر دیاری کراون، ناونیشانی زانستی بەو کەسانە دەدرێت کە مەرجەکانیان تێدایە، بە تایبەتی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ هەن داوای یەکلاکردنەوەی ناونیشانی زانستییان کردبوو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوە دڵنیایان دەکەینەوە ناونیشانیان پێ دەدرێت".

زیاتر لە 200 خێزان گەڕاونەتەوە شنگال



بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی خەبات، ئاگاداریەکی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنوورەکەیان بڵاوکردەوە. دوێنێ یەکشەممە 2020/6/14 بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی خەبات، بڵاوی کردەوە، تێیدا ئاگاداری بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنوورەکەیان کراوەتەوە، ئەمڕۆ دووشەممە سەردانی بەشی وردبینیی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بکەن.
باس لەوەش کراوە، مەبەست لە سەردانیکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ بەشی وردبینیی پەروەردەی خەبات بۆ وەرگرتنی چەکی پارەی وانەبێژیی مانگی شوبات.

پردێ.. گەنجێک لە ئاوی زێی بچووک خنکا

لە ڕووباری زێی بچووکی لە سنووری ناحیەی پردێی سەر بە کەرکووک، گەنجێک خنکا و تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. لەو بارەیەوە بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی پردێ ڕاگەیاند: "ئێوارەی شەممە 2020/6/13 دوو گەنج کە هاوڕێی یەک بوون، لە زێی بچووک لە پردێ مەلەیان کردووە و ئیتر نازانرێت بە چ هۆکارێک سەرەتا هەردووکیان خەریک بووە بخنکێن، بەڵام لەلایەن ئەو کەسانەی لەو دەوروبەرە بوون یەکێکیان دەرهێناوە لە ئاوەکە بە سەلامەتی، بەڵام گەنجەکەی دیکە دەخنکێت، وێڕای ئەوەی تیمەکانی مەلەوانی لەناو ئاوەکە بەدوای تەرمەکەیدا دەگەڕێن، تا دوێنێ یەکشەممە 2020/6/14 تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. گوتیشی: دوای دۆزینەوەی تەرمەکە، پۆلیس لەبارەی ئەو ڕووداوەوە دەست بە لێکۆڵینەوەی ورد دەکات.
بەڕێوەبەرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی لقی دهۆکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایگەیاند، شەپۆلێکی تری ئاوارەکانی شنگال و ناوچەکانی تر لە هەرێمی کوردستان گەڕانەتەوە ناوچەکانیان. محەمەد بەبواتی، ڕایگەیاند: بەپێی ئاماری هەفتەی ڕابردوو200 خێزان گەڕاونەتەوە شنگال و ڕۆژانەش خەڵک ئامادەن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان.
گوتیشی: کەیسی مەلەفی گەڕانەوە کراوەتەوە و ئێستاش ناوەکان تۆمار دەکرێن بۆ گەڕانەوە و دوێنێش 15 خێزان گەڕاونەتەوە و خەڵک چاوەڕێی کردنەوەی ڕێگاکانە، ئەگەر کۆرۆنا نەبووایە پێشبینیمان دەکرد ژمارەیەکی زۆر گەڕابانەوە ناوچەکانیان.
بەبواتی دەشڵێ: "ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە هاوکاریی ماددیش دەکرێن بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خێزانی لە ناوچەکانیان پێ دابین بکەن.

هەڵمەتی لابردنی سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا لە هەولێر بەردەوام دەبێت

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی لابردنی سەرپێچییەکانی سەر کارەبا لەپێناو زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارەبایە

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی
فۆتۆ: هاوار مورتکەیی

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەرپێچیەکانی سەرتۆڕەکانی کارەبا لە لایەن هاوڵاتیانەوە ڕووی لە زیاد بوون کردبوو بەهەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارەبا چەندین هەڵمەتی فراوان بۆ لابردنی ئەو سەرپێچیانە دەستی پێکردوولەشاری هەولێریش بە فەرمانی پارێزگاری هەولێرو بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرو بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێروپڕلیسی شارەوانی و فەرماندەی زێڕەڤانی هەڵمەتێکی فراوان بۆ بڕینی کارەبای زێدەڕۆلە سنوری هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کارەبای یەک و دوو دەستی پێکرد.





لەکاتی بڕینی کارەبای زێدەڕۆ جیاکاری ناکرێت و کارەبای هەموو ئەوکەسانە دەبڕدرێت کە بە زێدەڕۆ ڕاکێشراوە

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەمساڵ دووەم هەڵمەتی بڕینی سەرپێچەکانی سەرکارەبایەو یەکەمیان بەر لە هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنابوو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا توانرا ژمارەیەکی زۆری سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا ببڕدرێت، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڵمەتەکە وەستاو هەڵمەتی دووەمیش لەهەفتەی ڕابردوو دەستی پێکردو لەهەڵمەتی ئەمجارەدا لەناوچە بازرگانیەکان و پیشەسازیەکان و کارگەکان وپڕۆژەکان وشوێنە کشتوکاڵییەکان دەستی پێکردو هەڵمەتەکەش لەپێناو بەرژەوەندی گشتیەو مەبەستیش لەو هەڵمەتە گەڕاندنەوەی ئەو کارەبا یایانەیە کە بە زێدەڕۆ بردراون و دوای بڕینی کارەبای زێدەڕۆ کارەبای نیشتیمانی زیاد دەکات و داوا لەوکەسانە دەکەین کە سەرپێچیان کردوەتەسەر تۆڕەکانی کارەبا پێویستە خۆیان سەردانی فەرمانگەکانی کارەبا بکەن بۆئەوەی لەچەند سزایەک دوور بکەونەوە وەکو بڕینی کارەبا وسزای دیکەی یاسایی و بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین کە لەگەڵ تیمەکانی کارەبا هاوکارو هەماهەنگ بن و چاوەڕوانی ئەوە نەبن کە تیمەکانی نێمە بۆ بڕینی کارەبا سەردانیان بکەن پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کە سەرپێچیان کردووە خۆیان سەردانی فەرمانگەی کارەبای یەک و دوو بکەن بۆئەوەی لەو وەرزی هاوینە گەرمەدا بێ کارەبا نەبن لەهەڵمەتی ڕابردوودا زیاتر لەهەزار و چوار سەدهاووڵاتی سزادران و کارەباکەیان لێ بڕا بەهۆی سەرپێچی کردنیان بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا بڕی سزاکەیان بریتی بوو لە یەک ملیار دینارلە سەرپێچیکاران وەرگیراوهەڵمەتەکانی بڕینی کارەبای زێدەڕۆ بەردەوامی هەیە لەپێناو باشتر کردنی دۆخی کارەبایەو ئەو سەرپێچیانەش بریتین لە دەستکاری کردنی پێوەری کارەبا و بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی کارەبا کارەبای ڕاکێشا بێت و یاخود دەستکاری مۆری سەرەو خوارەوەی کردبێت یاخود جامی پێوەرەکەی شکاندبێت ئەوانە هەمووی سەرپێچی کردنی سەر تۆڕەکانی کارەبا بوون داواش لە هاوبەشانی کارەبا دەکەین کە هەوڵی سەرپێچی کردنی کارەبا نەدەن و وردبینی لەسەر کارەباکەیان بکەن دیارە تیمەکانی سنوری پارێزگای هەولێر شەش بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبامان هەیە و هەر یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانە تیمی بڕینی سەرپێچیەکانیان هەیە و پێویستە ڕادەی هوشیاری هاووڵاتیان بەرز بێت و سەرپێچی نەکەنە سەر تۆڕەکانی کارەبا وخۆیان تووشی لێپرسینەوەی یاسایی نەکەن.

هاووڵاتیان: پێویستە سەرپێچییەکان بەبێ جیاکاری ببڕدرێت

کێن ئەوکەسانەی کە سەرپێچی دەکەنە سەر تۆڕەکانی کارەبا و بۆچی لەساڵانی ڕابردوو ئیجراتاتەکان وەکو ئێستا توند نەدەبوو ؟ ئەوە قسەی کامەران عەلی فەرمانبەر بوو.

ستار محەمەد لەگەڕەکی سەرکارێز گوتی: ئەگەر حکوومەتی هەرێم و بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا بەتوندترین شێوە سەرپێچیکارانی سەر تۆڕەکانی کارەبا سزا بدات ئەوا لەماوەیەکی کەمدا زێدەڕۆییەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات.

حاجی حەسەنی دوکاندار لەهەمان گەڕەک گوتی: پێویستە ئەو جۆرە هەڵمەتانە مانگانە ئەنجام بدرێت و کارەبای سەر ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆیی دە کەنەسەرکارەبا سزای یاسایی و بەند کردنی بۆ دەربچێت و ماوە ماوە چاودێری بکرێن ئەوا هەرگیز کەس ناتوانێ چیتر زێدەڕۆیی بکاتە سەر کارەبا

هەموو زێدەڕۆییەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا دەبڕدرێن

دواتر نەبەز عەبدولحەمید بڕینی سەرپێچیەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا و داوا لەو کەسانە دەکەین ئەوانەی کە سەرپێچیان کردۆتە سەر تۆڕەکانی کارەبا بەزووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی کارەبا بکەن بۆ ئەوەی دووچاری لێپرسینەوەو سزای یاسایی نەبن وکارەباکەیان نەبڕدرێت ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتانە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیەوپێویستە هەموو هاوڵاتیان هاوکاری تیمەکانی کارەبا بکەن و داوا لەو کەسانە دەکەین کە سەرپێچیان کردۆتە سەر تۆڕەکانی کارەبا سەردانی فەرمانگەکانی کارەبا بکەن تا کارەباکەیان لێ نەبڕاوە

شەپ شەپە لەبری داس و دەڕاسە بەکار دەهێنن

لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستاندا بە شەپ شەپە دروێنەی گەنم و جۆ دەکرێت

خەبات: سلێمانی

زانراوە کە جووتیاران بۆ دروێنەکردنی گەنم و جۆ دەڕاسە بەکاردەهێنن، بەڵام ئەگەر کێڵگەکە دووربێت یان سەخت و لێژی هەبێت و دەڕاسە نەتوانێت لێی دروێنە بکات، ئەوا جووتیاران بە ئامێرێک کە بە شەپ شەپە ناوی دەهێنن، کارەکە ئەنجام دەدەن.



کارمەند سالح- ی جووتیار دەڵێت: ئەم ئامێرەی ئێمە پێی دەڵێین شەپ شەپە گەنمەکە دروێنە دەکات و بە چەپک دەبەستێت و دایدەنێت لەبەر ئەوەی کەمێک شێی تەڕی تێدا ماوە کەم بکەن.

لەئێستادا کە وەرزی دروێنەی دانەوێلەیە، زۆرێک لە هاوڵاتیان سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیانن، ئەگەرچی کەمیش بێت لەچاو ساڵانی پێشوودا.

جووتیاران هەر لەکۆنەوە چەندین جۆر ئامێریان بەکارهێناوە لە کاتی دروێنە کردنی بەرووبومە کشتوکاڵییەکاندا، لەوانە بەکارهێنانی ئاژەڵی مالی وەکی و گاو گامێش، شەپشەپە، دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆجیادا، ئامێری کەمباین (دەڕاسە) ئاسانکارییەکی زۆری کردووە بۆ کاری دروێنە کردن و چنینەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

ئەوەی کێشەیە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرەدا، نەبوونی زەوییەکی تەختە لەشێوەی دەشت، کە زۆرجار ئامێرەکە ناتوانێت دەستی بگات بە شوێنە بەرز و لێژەکان، بۆیە جووتیاران دەچنەوە سەر ئامێرە کۆنەکان، یان ئامرازی دەراسەی بچوک بەکاردەهێنن.

شەپشەپە یەکێکە لەو ڕێگە کۆنانەی کە جووتیاران هەر لەکۆنەوە بەکاری دەهێنن بۆ دروێنە کردنی دانەوێلە.

ناوچەی کلکە سماق کە دەکەوێتە قەزای دووکان، بە بناری زنجیرە شاخەکانی قەزاکەوە، جووتیاران سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن.

کارمەند سالح یەکێکە لەو جووتیارانەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خزم و دۆستەکانیدا بە هەرەوەزی، سەرقاڵی دروێنە کردنی گەنم بوون لە کێڵگەکەیاندا، بەڵام بەهۆی سەختی زەوییەکەیەوە، ناچار بوون بە چەندین ڕێگای کۆن بەکاربهێنن بۆ دروێنە کردن لەوانە داس شەپشەپە.

کارمەند بەدەم کارکردنەوە لێدوانی بۆ ئاژانسی ئانادۆلئەنادۆلو داو باسی قەبارەکەی دەتوانێت بە ئاسانی دروێنەی بکات.

لەکاتێکدایە کە ئەمساڵ بەهۆی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و خزمەت نەکردنی وەک بڕی پێویستی، چاوەڕێ دەکرێت بەشێکی زۆری بەروبومە کشتوکاڵییەکان لەم ساڵدا لێی دەست دەکەوێت بە مەڕو ماڵاتمان لەبەر ئەوەی گەڵای گەنمەکە بە هەدەر ناچێ بە پێچەوانی دەڕاسەوە وە هەروەها هەندێ شوێن کە دەڕاسە توانای دروێنەی نیە شەپ شەپە لە بەر بچووکی لە ڕۆژانی داهاتوو هەموی لە خەرمانێکی گەورە کۆی دەکەینەوەو دەیکوتین و کاو گەنمەکەی لەیەک جیادەکەینەوە.

دوای جیاکردنەوەی گەنم و کایەکەی، گەنمەکە دەخرێتە ناو فەردەوەو کایەکەش دوای کۆمەڵێک ڕێکار بەکاردەهێنرێت بۆ ئالیکی مەڕو ماڵات لە زستاناندا کە بەهۆی سەرماوسۆڵەوە، ناتوانن مەڕومالاتەکانیان بلەوەڕێنن لە دەشتو دەر.

ناوبراو دەڵێت: بەهۆی پاک دروێنەکردنیەوە پاش کوتانی، کایەکی باشمان لێی دەست دەکەوێت بە مەڕو ماڵاتمان لەبەر ئەوەی گەڵای گەنمەکە بە هەدەر ناچێ بە پێچەوانی دەڕاسەوە، هەروەها هەندێ شوێن کە دەڕاسە توانای دروێنەی نیە شەپ شەپە لە بەر بچوکی قەبارەکەی دەتوانێت بە ئاسانی دروێنەی بکات.

لەوە کرد، ئەوان چەند پەڵە زەوییەکیان هەبە کردوویانە بەگەنم، بەهۆی سەختی زەوییەکەیانەوە چەندین ئامێری جیاجیا بەکاردەهێنن، لەوانە شەپشەپە کە ئامێرێکی دەراسەی بچوکەو بواری هەیە بچێتە سەر زۆرێک لە زەوییەکان.

کارمەند دەڵێت، "ئەم ئامێرەی ئێمە پێی دەڵێین شەپ شەپە گەنمەکە دروێنە دەکات و بە چەپک دەیبەستێت و دایدەنێت لەبەر ئەوەی کەمێک شێی تەڕی تێدا ماوە لە ڕۆژانی داهاتوو هەموی لە خەرمانێکی گەورە کۆی دەکەینەوەو دەیکوتین و کاو گەنمەکەی لەیەک جیادەکەینەوە."

نێچیرڤان بارزانی دەولەتمەدار و هێمن و ب هێز



شڤان غازی

ئەم هەمی دیدەڤانین وەک مللەت، نێچیرڤان بارزانی لروژا ژ دایک بویی ل ژیانەک پر سەخت هاتیە سەر دنیایێ و مە هەمیان ئەو کوشک دیت هەتا ژێ وی بوویە شەش سال ل شکەفتەکێ دا ژیایە کو ئەگەر مروڤی بو سەردەمێ نوکە نەچار بکەی بچن وێ شکەفتێ دا بژیێ دێ ب زیندان هێتە هەژمارتن دیسان سەرەرای جهێ نەخوش ئیدریسێ جانەمەرگ ب خێزانڤە لبن زولما بەعسیا ژیان برینە سەر لبن فشارا توپ و تانک و فروکا و جهەک نەبیە سەرێ خو پێڤەنن و ب ئارامی بژین.

نێچیرڤان بارزانی ب سەدان جار ئاوارە بوویە چ تاوان ژی نەبوویینە تنی توانا وان ئەو بوویە کورد بوویینە و ل پێناڤی هندێ مللەتێ کورد لبن زولم و زوردارییێ قورتالکەن ب خێزانڤە و عەشیرەتا خوڤە قوربانی داینە. حقدا رژێمێ ب دژاتیکرنا مالا بارزان هەدارا وان نەهاتیە ئەوبو هەشت هزار بارزانی ئەنفال و بن ئاخ کرن و هەژمارەکا زور ژ مالا بارزان ژی بوونە قوربانی و هەشتێ هزار کوردێن بێ تاوان بێ رەحمی بن ئاخ و زیندە ب چالکرن. نێچیرڤان بارزانی ل دەمێ تازە پێرا دگەهیێ بێ باب دمینیت و لبن پەروەردا سەروک مەسعود بارزانی مەرجەعێ کوردان رادبیێ و چەکێ شەرڤێ هەلدگریێ و ژبەر چالاکی و توانێن وی یێن سیاسی و عەسکەری، نێچیرڤان بارزانی وەک فەرماندە و سەرکردەک کەفتیە قادا خەباتێ، میژویا مالباتا بارزان یا پرە ژ سەرئڤرازی و سەر نشیڤیێ لێ چوک بو دوژمنان نەدانایە و لسەر خەباتێ بەردەوام بوویە تاکو گەهشتینە سەرهلدانا پیروزا سالا 1991 پشتی هەمی مللەتێ کورد دەربەدەری ئیرانێ و تورکیا بوون و جیهان هاتە دەنگ و هێلا 36 بو رژێمێ هاتیە دانان ژلایێ هەڤپەیمانان ڤە و زور ژ خاکا پیروزا کوردستانێ ئازاد بوویی نێچیرڤان بارزانی ب سەرکردەک سەرکەفتی و ب هەیبەت ل مەیدانێ هاتە دیتن و رولێ و کاریگەریا وی زورا پێشکەفتی هاتە هەبوونێ ، دیسان هەمی دەما خو نێزیکی هەمی پارت و لایەنێن کوردستانی کریە و تەکەز لسەر هندێ کریە تایبەت بو دەرڤەی هەرێمێ هەڤرا بین و هەردەم گوتیە "ئەگەر مە دەستکەفتەک بو مللەتێ خو بدەستڤە ئینابیتن ب ئێک بوونا هەمی پارت و لایەنان بوویە ل عیراقێ و دەرڤەی کوردستانێ"، لەورا بوویە جهێ متمانا هەمی پارت و لایەنان، دیسان ژ ئالیەکێ دیڤە هەردەم گرنگی ب پێکڤە ژیانێ دایە و هەمی پێکهاتین کوردستانێ نێزیکی خو کرینە و مافێن وان پاراستینە لەورا هەمی پێکهاتین کوردستانێ گرنگی ب کەساتیا هێژا نێچیرڤان بارزانی ددەن و کەسەکێ نێزیکی خو دبینین چونکی هەردەم پالپشتیا وان کریە و ل پەرلەمان و حکومەتێ دا هەردەم هەژمار بو وان کریە و زێدەی مافێ وان ب رێیا کودان گرنگیەکا مەزن ب وانا دایە، هەژیە بێژم لهەمی کاودانێت نەخوش دناڤ هەرێمێ ریداین سەرکردەکێ لسەرخو وهێمن بوویە مەزنترین ئاریشە ب ساناهیترین رێک چارەسەر کرینە. پشتی دەمێ سەروکاتییا جەنابێ سەروک مەسعود بارزانی ب دوومانهیک هاتی و جەنابێ سەروک بارزانی قەبیل نەکر دووبارە دمێ سەروکاتییێ بو درێژ بکەن لەوما سالەکێ بەری نوکە لروژەکا وەکی ئەڤرو نێچیرڤان بارزانی ل سەخترین کاودان بوو سەروکێ هەرێما کوردستانێ ب مەزنترین رێ و رەسم کو ل روژهەلاتا ناڤین هەمیێ چ رێ و رەسمێن هوسا نەهاتینە دانان و نوینەر و کونسول و سەروک وەلات و سەروک وەزیرێن زور وەلاتان و ب ئامادەبوونا نویەرێت هەمی پارت و لایەنێت کوردستانی ب شانازی ڤە بو سەروکێ هەرێمێ و سیندا یاسایی خاند یا و ب فەرمی بوو سەروکێ هەرێمێ و ژبال زور وەلاتێن جیهانێ و روژهەلاتا ناڤین پیروزباهییێن گەرم ئارستەی جەنابێ وی کرن وهاتە پەسەندکرن. زوربەیا مللەتێ کورستانێ درێکا پەرلەمانێ کوردستانێ نێچیرڤان بارزانی پەسەند کر ، پاشان رولەکێ سەرەکی گێرا بو رازیکرنا زوربەیا لایەنێن کوردستانی بو پێک ئینانا کابینا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و هەمی پشکداری حکومەتێ بوون و بونە هەڤپشک ل حکومەتێ، هەرواسا نێچیرڤان بارزانیی بووە هەڤاڵ و پاڵپشتەکێ بەهێز بو رێزدار مەسروور بارزانی دەما هاتییە دیاریکرن بو سەروکاتییا حکوومەتا هەرێما کوردستانێ (کابینا نەهێ) بێشک رێزدار مەسروور بارزانی کەساتییەکێ دیکەیێ شارەزا و پسپورە دبوارێ سیاسی و دپلوماسی و رێکخستن و دەولەتمەداریێدات، ئەورا ئەم پشتراستێن کو ب سەرکردایەتییا هەردوو سەرکردێن گەنج و ژێهاتی و خودان کاریزما (نیچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی) حکوومەتا هەرێما کوردستانێ دێ شێت هەمیی ئاستەنگ و لەمپەرێن نها دەربازکەت و ژیانەکا خوش و ئارام بو خەلکی کوردستانی بەرهەڤ کەت.



پابەندبوون بەڕێنماییە تەندروستییەکان ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە

خەبات: تریفە ئازاد

ڤایرۆسی کۆرۆنا کە پەتایەکی جیهانییە، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی رابردوو و سەرەتای ئەمساڵ و لەوکاتەشەوە بە ڤایرۆسی کۆڤید 19 لەلای خەڵکی جیهان ناشنایە. ئاشکرایە، کە رێژەی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، بۆیە ژمارەی تووشبووانیش جیاوازە، هەروەها ژمارەی گیانلەدەستدان و چاکبوونەوەش جیاوازە. هەڵبەتە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیی و عەرەبییەکان و عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەدەرنەبوو لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و ئێستا لە قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدارتردایە.

پزیشکەکانمان وەک پێشمەرگەکانمان لە سەنگەری بەگریدان دژی ئەم ڤایرۆسە

بارز محمد: لە ماوەی ئەم چەند مانگە کە ئەم ڤایرۆسە سەریهەڵداوە کەس نییە لەهەموو جیهاندا ئەو ناوەی نەبیستبێت و نەزانێ ئەم ڤایرۆسە چییە و مەترسی چەندە زۆرە، ڕۆژانە ژمارەی تووشبووان و مردن بەم ڤایرۆسە لەهەڵکشاندایە، ئەوەی ئێمە ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین ڤایرۆسی کۆرۆنا وردە وردە پەل دەکێشێ و بەداخەوە ژمارەی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە زیادبوونە. ئەگەر بێتو ئێمەمانان پێگیر نەبین و خۆمان نەپارێزین و پابەند نەبین بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، ئەوا هەرێەک لەئێمە دەبێتە شایدی مەرگی ئازیزانی و تا دەمێنێ پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و ئەوکاتیش پەشیمانی داد نادات. هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەپێی پێویست نییە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و نەناردن یاخود دواختنی بەشە بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدادی فیدراڵەوە. سەرەڕای هەبوونی ئەم قەیرانانە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە لە پاراستنی هاووڵاتیان و دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا کە تێیداین. ئەوەی جێگەی داخە نەیارانی ناوخۆ دەتوانم بڵێم زۆربەیان ئەم بارودۆخەیان وەک هەڵێک قۆستەوە و لەمیدیاکانی خۆیان و هەندێ لەمیدیای سێبەری خۆیان بانگەشەی نەبوونی ئەم ڤایرۆسەیان دەکرد و خەڵکیان چەواشە و بەلاڕێدا برد و دەیانویست خەڵکەکە پێگیر نەبێت و ئەم ڤایرۆسە وا نییە وەک ئەوەی لەوڵاتان هەیە ، تا سەرەنجام گەیشتە ئەم قۆناخەی ئێستا و دەبینین ئامارەکان لەهەرێمی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لەهەڵکشانە. ئامانجی ئەم چەواشەکارییەش لەبیربردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازییە، بەڵام خەیاڵیان خاوە و جەنابی کاک (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سورە لەسەر ئەنجامدانی و دەبێت بکرێت، ئەمە بووتە ڕاستییەک و ئێستا یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان، نەخاسمە سوپاسی تیمی ئەنجومەنی وەزیران بکەم کە شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەک بۆ ڕێگری کردن لەم ڤایرۆسە و زیاتر تەشەنە نەکردنی، لەنێویشیاندا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی، کە خۆنەویستانە و لەسەرێێ وەستاون بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان. پێشمەرگە قارەمانەکان تا دوێنێ لەسەنگەری بەرگریکردن بوون، ڕۆژانی ڕابردووش لەخزمەت هاووڵاتییان بوون و پزیشکانی دڵسۆزیش هاوشانی برا پێشمەرگەکان لەسەنگەری خزمەتکردنن.



بارز محمد

پێویستە زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڤایرۆسە بکەین

سارا سەردەدین، وەک ئافرەتێک لە بارەی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

کۆرۆنا، دەردێکی کوشندە و دوژمنێکی سەرسەختی بوونەوەرەکانە، دەیەوێت کۆتایی بە مەرگی هەموان بێنێت و ئاهەنگی سەرفرازی بگێڕێت، بەڵام خەیاڵی خەیاوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی بەهێزترە لە کۆرۆنا و هاوشێوەکانی، ڕاستە ئەم دوژمنە زۆر بێ بەزەییە و تاوەکو ئێستا چارەسەری لەناوبردنی نادیارە، بەڵام هیچ شتێک لە ئیرادە و ویستی مرۆڤ گەورەتر نیە، هەڵبەتە ئەگەر هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی بدات، بۆیە گەشبینم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو دوژمنە زەبەلاحەش لەگۆڕ دەنێین وەک دوژمنەکانی ترکە لە رابردوودا بوومان، جێبەجێکردنی ڕێنماییی تەندروستی و ئامۆژگاریی پزیشکان باشترین چەکی ڕووبەڕووبوونە و لەناوبردنی ئەو دوژمنەیە، هاوکات لە پێناو خۆمان و ئازیزانمان ئەرکە لەسەرمان کۆک و هاوتەبا بین لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڵاونەبوونەوەی ڤایرۆسەکە و ڕێگرتن لە گواستنەوەی.

سارا سەردەدین

لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گوتی:

هەموومان پێکەوە با خۆمان بپارێزین بۆ ئەوەی ئازیزانمان لە دەست نەدەین. ڤایرۆسی کۆڤید 19 ناسراوە بە کۆرۆنا پەتایەکی جیهانییە و پێویستە خۆمان بپارێزین بۆ سەلامەتی و تەندروستی خۆمان و کەسوکارمان، دەبێ پابەندی ڕێنماییەکانی تەندروستییەکان بین، چونکە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاگایان لە مەترسی ئەو ڤایرۆسە و چۆنیەتی خۆپاراستن لێی نیە، بۆیە ئەوەی زۆر مەترسیدارە لە بارەی ئەم ڤایرۆسەوە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو تا نزیکەی دە ڕۆژ بۆ دوو هەفتە هیچ نیشانەیەکی ئەو ڤایرۆسەی تێدا بە دیار ناکەوێت و بەردەوامیش ئەو کەسە خەڵکی تووش دەکات بە ئاسانی بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێت، بۆیە پابەندبوونمان دەبێتە هۆکاری ژیانێکی ئارام و پڕ لەخۆشی، ژیان واتا ئاسودەیی، ئاسودەیی واتە پێکەوەبوون، پێکەوەبوونیشمان پێویستی بە تەندروستییەکی باشە ، بۆیە با ئاگاداری تەندروستیمان بین لە پێناو ژیانێکی ئارام و ئاسودە بۆ هەموو خۆشەویستانمان، وەک لاوێک داوا لە هەموو گەنج و لاوان دەکەم کەوا تا دەتوانن تێکەڵی شوێنی قەرەباڵغ مەبن، چونکە ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون، هیچ ناناسرێنەوە، داواتان لێدەکەم خۆتان بپارێزن، ئەو کاتانەی کەوا بۆ دەرەوە یاخود شوێنی قەرەباڵغ ئەچن هەوڵ بدەن تەواوی ڕێنماییەکانی تەندروستی بەکار بهێنن بۆ ئەوەی گیانی خۆتان و خۆشەویستانتان پارێزراو بێت، یەکێک لە خراپترین شتە باوەکانی ناو کورد تەوقەکردن و ماچ کردنە لەگەڵ یەک، کە ئەویش زۆر مەترسیدارە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، داوا لە گەنج و لاوانی خۆشەویست دەکەم بۆ گیانی خۆیان و هاوڕێ و خێزانەکانیان خۆیان بپارێزن لەم ڤایرۆسە کوشندەیە، بۆیە داواتان لێدەکەم مەترسی و پەتای ئەم ڤایرۆسە بەهەند وەربگرن بۆ ئەوەی ژیانی خۆتان پارێزراو بێت.

کۆرۆنا یەکێک لە دیارترین دیاردەکانی ئەم سەردەمە لە کۆتاییدا لاوە محەممەد ئەمین، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی گوتی:

ئەمڕۆ جیهان بە دەست ئەم پەتایە دەناڵێنێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تووشبووانی ڕوو لە زیادبوون دەکات، لە هەمانکاتیشدا بەشێکیان گیان لە دەست دەدەن بە هۆی ئەم پەتایەوە، ئەوەی هەموو لایەکمان دەزانین دەستپێکی لە وڵاتی چین لە کێشوەری ئاسیا سەریهەڵدا، دواتر بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتەوە تا گەیشتە لوتکەی وڵاتە ئەورووپییەکان و ئەمریکای خوار و سەرو و ئەفریقیا و تەواوی جیهان، عێراقیش بە تایبەت هەرێمی کوردستان لە بڵاوبونەوەی ئەم پەتایە ئەوەی هەموومان ئاگادارین بێبەش نەبووە و شەپۆلی ئەم پەتایە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە کە ڕۆژانە دەبیستین و دەبینین لە میدیا چەندین حاڵەتی توشبوون تۆمار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی لە دەستپێکدا بە هۆی پابەندبوونی هاووڵاتییان و مانەوە لە ماڵەوە لەسەر فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی پەتاکە ڕووی لە کەمی کردبوو لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا دەبینین پەتاکە زێدەتری کردووە، پێویستە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێنماییەکانی تەندروستی بن، چونکە پێویستە بۆ خۆشەویستیی خۆیان و وڵات و ماڵ و خێزانیان ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن، پەتای کۆرۆنا کە بە کۆڤید نۆزدە ناسراوە پەتایەکی جدییە و ئێستاش لە تەشەنەسەندن دایە و گەشانەوەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بە تایبەت لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بە هۆی پابەندنەبوونی هاووڵاتییان بە پێی داتاکان چەند حاڵەتێکی سەخت هەیە کە باری تەندروستییان لە مەترسیدایە، هەرێمی کوردستان بە هۆی سستی لە پابەندبوون گەورەترین زەرەر دەبینێت، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کورستان ژێرخانی ئابووری ڕووی لە لاوازییە و بەو پێیەش تەندروستی بەهەمان شێوە لاوازە، جا هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت پێویستە چی بکات؟

پێویستە دوور بن و کەم تێکەڵ بن، هەروەها دەست و دەموچاومان بشۆرین و دەستکێش و دەماک بەستین، لە هەمانکاتیشدا سەردانی نەخۆشخانە بکەین و پشکنین ئەنجام بدەین تاوەکو نەکەوینە بەر شەپۆلی ئەم پەتایە، شەپۆلی دووەمی پەتای کۆرۆنا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکانێک لە دەرەوەی کوردستان بە قاچاغ لە ڕێگەی چەند گرووپێک هاتن و بێ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێت و لە ژێر چاودێری بنکەی تەندروستیدا بمێننەوە، جا پێویستە خۆمان لە کەسانی بیانی دوور بگرین، هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پابەند بێت پێویستە هاوکاری حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی بێت، گەر هەر حاڵەتێک یاخود هەر کەسێکی گومان لێکراو ببینێت یاخود هەر هاووڵاتییەکی بیانی لە هەر وڵاتێک هاتبێت بۆ هەرێمی کوردستان لە دوای سەرهەڵدانی ئەم پەتایە بەبێ ئەوەی لە ژێر چاودێری بنکەی تەندروستی مابێتەوە و پشکنینی بۆ کرابێت، پێویستە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار و بنکەی تەندروستی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگر بین لە تەشەنەسەندنی ئەم پەتایە. هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان! خۆمان دەزانین لە ڕابردوودا ئاوارە و دەربەدەر بووین و مااڵ وێران بووین نەتاسایین، ئەنفال و کیمیاباران کراین نەترسایین، سەختی ژیان و ناخۆشیمان بینی نەلەرزایین، پێشمەرگە ئاسا بووین و نەچەمایین، بەرەنگاری هەموو توندوتیژییەک بووینەوە لە پێناو خۆشەویستیی وڵات و خۆشەویستیی خۆمان و کەسوکارمان سەرکەوتین، تکایە با هەموومان بەیەکەوە ڕووبەڕووی ئەم پەتایە ببینەوە و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بین و خۆمان بپارێزین بۆ ئەوەی وڵات و خۆمان و کەسوکارمان سەرکەوتووبێت و هەمیشە پارێزراو بین، بۆ ئەوەی خۆمان بە دەستی خۆمان لەناو نەبەین با هەموومان پابەندبین و ئیرادەمان بەهێز کەین.



لاوە محەممەد ئەمین



سەباح سەرهەنگ

ئیمپراتۆریەتی درۆ



د.مەیادە نەجار



لە چەند رۆژی رابردوو بە رووبی وەدیار کەوت کە ئەو ئیمپراتۆریەتەی لە درۆ و بە ساختەچیایەتی دروست کرابوو و مانگانە چەند ملیۆن دۆلارێکی لە قوتی ئەو خەڵکە لێ سەرف دەکرا بە یەک کلیکی گەنجێکی ئەمەریکی جینز (کاوبۆ) لەبەر بەسەر یەکدی داڕووخا و کۆمپانیای فەیسبوک کە ئەو گەنجە (مارک زوکەربێرگ) دامەزرێنەر و خاوەنیەتی و داهاتی سالانەی لە زۆربەی وڵاتانی زلهێزیش زۆرترە گەورەترین درۆی ئاشکرا کرد کە کار لە سەر بۆچوون و فکری خەڵکی کوردستان دەکات.

لە دوای ئەو بڕیارەی فەیسبوک بە داخستنی زیاتر لە 400 پەیج و ئەکاونت و گروپ و ئاشکرا بوونی ئەوەی کە تەنها سێزنسەری مانگانەی ئەوانە نزیکەی 300 هەزار دۆلار بووە، خەڵک دەپرسن ئایا بەڕێوەبردنی ئەو هەموو پەیجانە چ سوپایەکی لە پشت بووە و چ پارەیەکی خەیاڵی لێ سەرف کراوە! خەڵک پرسیاری ئەوەش دەکا کە ئەو پارەیە لە کوێ هاتووە؟ هەندێکیان دەڵێن سەرچاوەکەی فرۆشتنی کەرکووکە و لەو داهاتەیە کە کۆمپانیاکانی هاوسەرۆکێکی یەکێتی لە ڕێگای فرۆشتنی نەوتی کەرکووک و وەرگرتنی تەندەری ژمارەیەک پڕۆژەکانی کەرکووک کە گۆڕینی فڕۆکەخانەی سەربازی ئەو شارە بۆ فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی یەکێکە لەو پڕۆژانە، هەروەها ئەو 36 ملیار دۆلار و 80 تۆن زێڕەی لە ئێرانەوە لە سێ ساڵی رابردوو بۆ سلێمانی هاتووە، بەشێکیش سەرنجیان بۆ دەروازە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەچێ کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی کە داهاتێکی زۆریان هەیە بەڵام پارەکە ناچێتەوە خەزێنەی حکوومەت بەڵکو لە ڕێگای مەکتەبی دارایی گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشی زۆری دەچێتە سەر حیسابی شەخسی جەنابی ئیمپراتۆری درۆ.

لە بەرامبەر ئەو هێزە درۆینە لە کوردستاندا هێزێک هەیە کە گوزارشت لە خواست و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خەڵکی کوردستان دەکا و ڕەگ و ریشەی ئەو هێزە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕووچوون و سەت ساڵە لە بەرامبەر هێز و ستەمی داگیرکەران و دارەدستە ناوخۆیەکان بە بەهێزیەوە ماوە و لە سەر پێ وەستاوە، ئەو هێزەی کە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان متمانەی زیاتر لە 93٪ خەڵکی لەگەڵدا بوو و دواتر بە هێزەوە و بە سەربەرزیەوە توانی بەرامبەر گەلە کۆمەی داگیرکەران و خیانەتی خاکفرۆشان بوەستێت و قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان بپارێزێ و پیلانەکان هەڵوەشێنێتەوە.

هەر کاتێک کوردستان بەرەو بەهێزبوونەوە هەنگاو دەنێ،داگیرکەران لە لاوازترین خاڵمان دەست دەخەنەوە ناو کاروبار و ژیان و بڕیاری سیاسی و کارتی ناکۆکیە ناوخۆیەکان لە ڕێگای هێزی ئیمپراتۆریەتی درۆ زەق دەکەنەوە و لە دژی سەقامگیری و باشبوونی دۆخی ژیانی و ژیاری خەڵکی کوردستان بەکاریان دەهێنەوە،ئێستا لەگەڵ نزیک بوونەوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کە دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان و ژیانی موچە خۆرانی و بازاڕەکەی بەرەو جێگیری و سەقامگیری دەبا کە ئەوەش هۆکارە بۆ بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی ئیرادەی ناوخۆیی بەسەر پیلان و خواستی دەرەکی.

بەگژ حکوومەت داچوونەوە و تیرترکردنی ئیرهابی فکری و بەڕێوەبردنی هەڵمەتی میدیایی کە لە سالانی رابردوو کار و ئەرکی ئیمپراتۆریەتی درۆ بوو و دەسکەوتی شەخسی باشی هەبوو بۆ جەنابی ئیمپراتۆری درۆ لە سەرکەوتنی کودەتاکەی لە ناو حیزبەکەیدا و دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانێکی زۆردا و دامەزراندنی تۆڕێکی کۆمپانیای وەبەرهێنان لە ڕێگای برا و خزمەکانیەوە، ئێستا هەموو ئەوانە لە ژێر مەترسی لەناوچوونن چونکە بە ئاشکرا بوونی حەقیقەتی ئیمپراتۆر لەوەی ئەو ئیمپراتۆریەتە بەهێزەی بانگەشەی بۆ دەکرد لە درۆ و ساختە زیاتر نەبووە، بۆیە دواین هەوڵی بۆ پاراستنی ئیمپراتۆریەتەکەی بە بەکارهێنانی هەموو کەرستە و ئامرازەکانی بەردەستی دەبێت لە ڕێگای دڕێژکردنەوەی ئەو شەڕە دەروونیەی چەند ساڵێکە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکردوە و باجەکەشی تەنها لێکترازانی کۆمەڵایەتی و زیاتر بە حیزبی کردنی کۆنەڵگا و داگیرکردنی ئیرادەی خەڵک بووە.

هەوڵەکانی حکوومەت لە چاکسازی و کۆڕۆنادا



گەیلان سلێمان



دوا بە دوای متمانەدانی پەرلەمانی کوردستان بە تیمە نوێیەکەی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی ڕێزدار "مەسرور مەسعود بارزانی" هەوڵەکان گڕوتینێکی نوێی لێ بەدی دەکرا بۆ ڕێکخستنەوەی کاری کار ڕێسپێردراوان و بنبڕکردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی کە زەرورەتێکی هەنووکەیی بوو بۆ سەرجەم سێکتەرەکانی حکوومەت، ئەمەش لە وتاری سوێند خواردنی، بەڕێز سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی پێکرد کە چاکسازی لە ئەولەویاتی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێم دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی بۆتەوە کە لایەنە سیاسییەکان تەنگیان بەم بەرپرسیارەتییە هەڵچنیوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بارە ئابووریەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی جەنگی بوویەوە بەدرێژایی چەند ساڵێک لەگەڵ چەکدارانی داعش، کە حکوومەتی تووشی قەرزێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکی کردەوە، ئەمە جگە لە دابەزینی نرخی نەوت و نەنارەدنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکوومەتی ناوەندی کە هۆکارێکی تر بوون،

هەموو ئەمانە وایانکرد کە خەرجییەکانی دەوڵەت زیاتر بێت لە داهات و بەم ناهاوسەنگییە کورتهێنان لە بودجەی دەوڵەت ڕوویدا، لەگەڵ بەردەوامی هەوڵەکان بۆ هەوسەنگی داهات و خەرجی حکوومەت و بەرزکردنەوەی باری ئابووری هەرێمی کوردستانیش وەکوو زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی جەنگێکی بە چاو نەبینراو بۆتەوە کە قایرۆسی کۆڤید 19ی- ناسراو بەکۆرۆنایە ، لەئێستادا ئامارەکان دەریدەخەن کە دەبێت خۆپارێزی بە باشترین چارەسەر بزانین،

هەرچەندە قایرۆسەکە مەترسیدارە و پەیوەندی بە گیانی خەڵکەوەیە بەڵام هەندێک لایەن بەردەوامن لە چەواشەکاری و بابەتی تەندروستی و ئەم بابەتە هەستیارە بۆ مەرامی سیاسی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبی خۆیان بەکار دەهێنن.

هەموو ئەو هەوڵانە لەلایەن نوخبەیەکی دیاری کراون کە بەم موزایەدانەوە دەیانەوێت بەجۆرێک کابینەی نوێەم پیشانی خەڵک بدەن کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی نییە، بێ ئاگا لەوەی کە لەچەند مانگی ڕابردوودا ڕێکارەکانی خۆپارێزی بووە جێگای سەرنجی وڵاتانی پێشکەوتووەکانی جیهان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و دەست خۆشییان بۆ حکوومەت دەربڕی و نەهێشتوتەوە و تەواوی جومگەکانی حکوومەت دەگرێتەوە و هەموو ئەم ڕێکارانە پشتیوانییەکی زۆری هاووڵاتیانە و جەنابی سەرۆک وەزیرانیش لە بەرەی هاووڵاتیان دەمێنێتەوە، حکوومەت لەنێوان دوو بەرپرسیارەتی گەورەتر دایە کە ڕووبەڕووبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا و ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیە، لەئێستادا ئاستی کورستانێکی تەندروست ڕوونە ، ئەرکێکی نیشتمانییە کە هاووڵاتیان بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و ئەمەش هۆکار دەبێ بۆ حکوومرانییەکی گشتگیر و کوردستانێکی بەهێز.

کوردستانیان بە نمونەی بالا دەهێنایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قایرۆسە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ ئەوەی سستی بخەنە ناو یاسای چاکسازی جێی باسە کە بەڕێز مەسرور بارزانی و تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەردەوامن و دەستبەرداری چاکسازیکردن نابن و ئەم پرۆژەیەش بە یاسایی کراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، یاسای چاکسازی وەک شمشێرێک وایە لە کالان دەرهاتبێت بۆتە ترس بۆ هەموو ئەوانەی کە بەشێک بوون لە بەهەدەردانی سامانی دەوڵەت و ئەم پاکسازییە هیچ دەرفەتێکی بۆ خۆدزینەوە پێکانی مەرامی سیاسیی خۆیان بۆ ئەوەی کوردستان بەرەو هەورازێکی بێ نشێو ببەن، چاکسازی داواکاری زۆرینەی هاووڵاتیانە بەدوای خۆیدا هێناوە کە سیاسەتێکی حەکیمانە هەیە بۆ حکوومرانییەکی گشتگیر و دەستپێکێک بۆ هێنانەکایەی دادپەروەرییەکی زیاتر لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ، هاویەڵانیان دەبێت لەئێستادا بە بیرێکی ڕۆشن لەحکوومرانی کابینەی نوێەم بڕوانن و تێڕوانینێکی واقعیانەیان هەبێت بۆ هەردوو بابەتی چاکسازی، هاوکاری زیاتری حکوومەت بن بۆ ئەوەی بوار نەدرێت بەوانەی کە دەیانەوێت کوردستان لە چەقبەستوویی بهێڵنەوە بۆ

محمد فرحان شێروانی*



لەمە زیاتر چی؟!

کۆرۆنا ئەو نەخۆشیە کوشندەییەی کە لە کۆتا مانگەکانی ساڵی 2019 سەری هەڵدا و ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کرد و لە وڵاتان تەشەنەی کرد و زۆرینەی جیهانی گرتەوە. ئەمەش بۆ هەموو زەوی شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو ، لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی هەر ڕۆژێ وڵاتێک تۆمەتبار دەکرا بە دروستکردنی ئەم ڤایرۆسە. ئێستاش سیناریۆی زیاتر دەبیستین و دەبینین لەسەری بەڵام لە کۆتایی هەموو سیناریۆکاندا ئەوەی پیشاندراین کە هەموو جیهانی قەتیس کراوەتەوە پێوەی و جیهان پێوەی دەنالێنێت.

بینیمان ئیتاڵیا بەو کەرتە بەهێزەی تەندروستی کەهەیەتی و لەسەر ئاستی جیهان لە ڕیزبەندی یەکەمەکانە داروخانی خۆی و شکستی خۆی لە ڕووبەروو بوونەوەی کۆرۆنا ڕاگەیاند و هەزاران هاوڵاتی بوونە قوربانی و گیانیان لە دەستدا. ئەمە جگە لەو داروخانە ئابووریەی کە تێی کەوت ئەم قسانە بۆ ئەمەریکاش هەر ڕاستە کە بەو کەرتە بەهێزەی تەندروستی و وڵاتی بێ ڕکابەر لەسەر گۆی زەوی لە کۆپی ڕووەکانەوە نەیتوانی گیانی هاوڵاتیانی نشتیمانەکەی بپارێزێت و بۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەمان دۆخ و بەسەرهاتە کە بووە ناوەندێکی گرنگی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کوردستانەوە هەبووە بەهۆی هاوسنووری و ئاڵوگۆڕە بازرگانی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە.

ئەی سەبارەت بە کوردستان ئەم هەرێمە ٥ملیۆن کەسیە کە دەورە دراوە بە دوژمن و لە ناوەخۆش ناتەبا و دژ بە یەک دەبێت چۆن بێت؟

بێگومان هەرێمی کوردستانیش بێ بەش نیە لەم نەخۆشیە و هەر زوو کۆرۆنا خۆی گەیاندە شارەکانی کە سەرچاوەی یەکەم لە گەیاندنی ڤایرۆسەکەش کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و دواتریش وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و کەنداو بەهۆی ئەو جموجۆڵە بازرگانی و سەربازیانەی کە هەرێم لەگەڵ ئەم وڵاتانە هەیەتی.

بەڵام خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر زوو ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی گرتەبەر و توانی لە قۆناغی یەکەمی نەخۆشیەکە سەرکەوتوبێت و ببێتە نمونەیەکی جوانی خۆپارێزی لە ناوچەکە و جیهان بەگشتی.

بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا تێکەڵ کردنی کۆرۆنا بوو بە سیاسەت و مللانێی نێوان حیزب و هێزە سیاسیەکان، کە بەداخەوە هەندێک لایەن و هێزی سیاسی ئەم دەرفەتەیان قۆزتەوە و کەوتنە گیانی حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان بە تاوانباریان لەقەلەم دان و وایان لەخەڵک گەیاند کە کۆرۆنا بوونی نیە بەڵام حکومەت ئامانجیەتی لەو ڕێگایەوە خەڵک بترسێنێت و بەو هۆیەوە داهات و قوتی خەڵک بخوات بەڵام هەموومان باش دەزانین کە ئەم بارودۆخە دارایەی تێی کەوتین جیهانیە و کۆی جیهان پێوەی دەنالێنیت کە ئەمەش لە ئەنجامی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنایە وە بەشێکی پەیوەستە بە دابەزینی نرخی نەوت بەرێژەیەکی زۆر کە هەر بەو هۆیەشەوە هەندێک لە وڵاتانی جیهان داڕووخانی وڵاتەکەیان و ئیفلاس بوونیان ڕاگەیاندووە.

کەچی نەیارانی پارتی و حکومەتی هەرێم دێن پڕوپاگەندە لەسەر حکومەت بڵاودەکەنەوە و خەڵک هاندەدەن پابەندنەبن بە ڕێنماییە تەندروستیەکان ، هەر بۆیەش ئەمە کاریگەری زیاتری لەسەر خەڵک و کۆمەڵگا دروستکردووەو خەڵک بێباک بوون لەسەر هەبوونی کۆرۆنا و وایان بڕواکرد کە ئەم ڤایرۆسە بوونی نیە ، بەڵام ئەمجارە کۆرۆنا بە زەبرێکی زیاتر و توندتر گەڕایەوە و نەخۆشخانەکانی پڕکرد لە هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و ڕێژەیەکی زۆرتریش لە چاو ڕابردوو کوشت و ئەوانەشی خەڵکیان هاندەدا کە ئەم ڤایرۆسە نیە ترسیان گەیشتەبەر لەوەی خۆیان و خانەوادەکانیان بیگرن و تاوانباریشن بە هاندانی خەڵک بەپابەند نەبوونیان بە ڕێنماییە تەندروستیەکان.

بەڵام ئەوەی جێگای داخە هێشتا کەسانێک هەن بڕوا بەو هێز و لایەنە سیاسیانە و کەسانێک دەکەن کە دەیان گووت کۆرۆنا نیە کەچی هەر ئەوان بوون بوونە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی زۆری ڤایرۆسەکە و مردنی دەیان کەسی تر.

بۆیە دەبێت خەڵک و هاونشتیمانیان هۆشیار و چاوکراوەترین لەوەی کە هەندێ حیزب و هێزی سیاسی و کەسانێک هەبن لەپێناو شاردنەوەی شکستەکانی خۆیان ئامادەن روحی انسانەکان و هاوڵاتی ئەم نشتیمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن ئاخۆ دەبێت لەمە زیاتر چاوەڕێی چیتریان لێ بکرێت.

*** بەرپرسی لقی دەوروبەری هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان.**

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٣٣٨٨ بەرواری ٢٠١٩/٨/١٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی صافیە عولا عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٨٠٤/ش/٢٠٢٠/٢

رێکەوت:٢٠٢٠/٦/٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمان)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (تازیا أومر موسی) داوای ژمارە (٨٠٤/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق بسبب هجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ ئەفسەرانی پول بەختیاری) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٧/١, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

* * *

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٧/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٤

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ بسام عیدو علی حسین

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا شێخان ب هژمار ٢٠١٨/٢٦ ل سەر ماددێ ٢٨١ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١٦ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٢٥/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ میرزا بیرو نعمان

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٢٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا ئاکرێ ب هژمار ٢٠١٩/٨٩ ل سەر ماددێ ١/٣٤٢ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١٦ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٢٦/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ شعبان سلیم شاهین

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٢٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا ئاکرێ ب هژمار ٢٠١٩/٩٧ ل سەر ماددێ ٤٠٥ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٢٧/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێن رەقی/ محمد طاهر قادر و عبدالله احمد جاف شین

دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٢٧/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا ئاکرێ ب هژمار ٢٠١٩/٩٥ ل سەر ماددێ ٤٤٤/ ئێك یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٣٠/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ محمد خلیل سعدالله

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٣٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ب هژمار ٢٠١٩/١٣١ ل سەر ماددێ ٤٤٣ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٤٦/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ بارزان حسن محمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٤٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ئامێدیێ ب هژمار ٢٠١٨/٧٦ ل سەر ماددێ ٤٤٣ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢

ژمارە/ ١٤٦/ج/٢٠٢٠

رێکەفت/ ٢٠٢٠/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ تومەتبارێ رەقی/ بارزان حسن محمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٤٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ئامێدیێ ب هژمار ٢٠١٨/٧٦ ل سەر ماددێ ٤٤٣ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایی.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم

سەرۆکێ/ دادگەها تاوانا دهۆك/ دوو

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ٢٢٩٦/ب/٤/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (خوشی جوهر طه)

داواکار (عبدالباقی اسماعیل حمد) داوای ژمارە ٢٢٩٦/ ب/٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە نەهێشتنی هاوبەشی مولکی ژمارە (٣٢/٩٢١٣ کەرتی ٤٤ وارش) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ایطالی/١) لە ٢٠٢٠/٦/٧ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٧/١) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر

ژمارە/ ٢٠١٨/٣٤٧٠

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٠

ئاگاداری

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە ٢٠١٨/٣٤٧٠ تۆتۆمبێلی ژمارە ٢٧٥٣ هەولێر بارهەلگر جۆری نیسان بیك اب دبل قارە مۆدیل ٢٠٠٦ی قەرزار کۆمپانیای حبیب الخوری بە لێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لە جیاتی قەرزی بروا میرخان رحمان بەبری ٢٥,٩٣٣,٠٠٠ ملیۆن دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لەماوەی ٣ رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەرێوەبەرایەتیە و دەلالیەکەش لە ئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبری ٧,٠٠٠,٠٠٠ حەوت ملیۆدن دینار قرساوە.

کەلوپەلەکان:

١- مێزی ئۆفیس دوو دانە ٦٠,٠٠٠

٢- سی پارچە قەنەفەی رەش جلد ٧٥,٠٠٠

٣- یەك مێز طبلە بچووك ٥٠٠٠

٤- کانتۆری دوو دەرگا بچووك دوو دانە ٣٠,٠٠٠

٥- کانتۆر یەك دەرگا بچووك کۆن ١٠,٠٠٠

٦- سێ پارچە قەنەفەی رەش جلد ٧٥,٠٠٠

٧- دۆلاب دار یەك دانە ١٥,٠٠٠

٨- کۆی گشتی ٢٧٠,٠٠٠ هەزار دینار.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (فرودگا) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی بەروبوومەکانی پەلەوەر/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ فهمی علی مولود

ناونیشان/ هەولێر- کوێستان

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٤٨٤٢٦

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٥٨٦٩

رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فرودگا) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی بەروبوومەکانی پەلەوەر/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فرودگا) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی بەروبوومەکانی پەلەوەر/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فهمی علی مولود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

خۆپارێزییەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا


دەستەکانت بە سابوون و ئاو بشۆ بۆ ماوەی ٢٠ چرکە


دەست لە دەم و لوت و چاو مەدە


لەکاتی سڵاوکردندا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆت لەگەڵ کەسدا نەبێت


لەکاتی دابەزینی تادا پشوو بدە


لەو کەسانە نزیك مەبەرەوە کە هەورکردنی سییەکان هەیە و تایان دابەزیووە


لەکاتی کۆکێن و پژمیندا دەم و لوتت دابپۆشە


دوای بەکارهێنانی کلێنس ڕاستەوخۆ لەناوی بەرە و دەستت بشۆرەوە


بەبەردەوامی ژوورەکان پاك بکەرەوە


سەوزە و میوەکان جوان بشۆرەوە


خۆت بەدوور بگرە لەبەریەککەوتن لەگەڵ گیانەوراندا


خۆت بەدوور بگرە لە دەستلێدان لەهەموو جۆرەکانی گۆشت


سەردانی پزیشك بکە لەکاتی هەستکردن بە کۆکە و پژمینی زۆر لەگەڵ تەنگەنەفەسیدا

قەڵای دەربەندی رامکان.. شارەونەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی



پ.د. فوئاد حەمە خۆرشید

بلۆتارخ، مێژوونووسی ئەسکەندەری مەکدۆنی مەزن، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەسکەندەر لە ماوەی 13ساڵی حوکومڕانییدا (323-336پ.ز.)، 70حەفتا شارۆچکەی، وەک بنکەیەکی ڕۆشنبیری یۆنانی، دروست کرد و بە ناوی خۆی ناوینان. تاکو ئێستاش چەندین شار و شارۆچکە هەن بەناوی کۆنی خۆیان دەناسرێن و، هەندێکیان نەماون، شوێنی دی ماوە کە ناویان گۆڕاوە.

ئەو مێژوونووسان و شۆینەوارناسان بایەخێکی زۆریان داوەتە ئەم شارۆچکانەی ئەسکەندەر، بۆیەش پشکنینیان بۆ دەکەن و هەوڵ دەدەن کە بیاندۆزنەوە و، شوێنیان نیشانە بکەن. یەکێک لە شارۆچکە ونەکان لە کوردستانی باشوور نیشان کرا (کە جێگایەکی سیحراوی هەیە و دانیشتوانی خەریکی شەراب نووشی بوون و فیلەسوفە پێ خاوسەکان لەوێوە حیکمەتیان لە ناوچەکە دا بڵاو دەکردە وە)، وەک لە بەڵگەنامەکان نووسراوە.

دوای 2000ساڵ لە کۆچ کردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی زانایانی شۆینەوارناس، جێگای (پێگەی) ئەو شارۆچکەیە یان لە کوردستانی باشوور نیشانە کرد، کە ئەکەوێتە سەرەتای شانی زنجیرە شاخی ئاسۆس لە لای دەربەند. لێرە کە پێی دەوترێ (قەڵای دەربەند) شارەزایان دوای چەندین لێکۆڵینەوە و وردبوونە وە، چەندین وێنەی ئەو جێگایە کە بە مانگە جاسوسیەکانی ئەمریکا لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا گیرابون و پەردەی نهێنیان لە سەر لابرا، توانیان پاشماوەی ئاسەواری (قەڵای دەربەند) بدۆزنەوە و پشکنینی تیادا بکەن.

ئەو وێنە نهێنیانە لە ساڵی 1996ئاشکرا کران، بەڵام بە هۆی نەبوونی سەقامگیری لە عیراقی ئەوسا، زاناکانی ئاسەوار نەیانتوانی جێگاکە بپشکنن، بەڵام لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام، دکتۆرجۆن مکینیس Dr.John Mac-Ginnisکە پسپۆری مۆزەخانەی بەریتانیایە، توانی بە یارمەتی فرۆکە بێ فرۆکەوان و کامیرە تایبەتیەکان، جێگاکە بە تەواوی دەسنیشان بکات و میژووەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی یەکەم و دووەمی پ.ز.و سنوورەکەشی دیاری کرد.

لەو شارۆچکەیە بناغەی چەندین دیواری قایم و قەڵایەک و چەندین ئاشی بەردین. کە بۆ بەرهەم هێنانی مەشروب و زویت لەوێ دروست کرابوون بەکارئەهێنران. ئەم شارۆچکەیە و ئەم ئاسەوارانەی لە ژێر چاندین تەن خۆڵ و لم دۆزرانەوە، کە بە دریژایی 2000ساڵ پێش ئێستا لە سەریان کۆمەڵ بوو.

لەو شارۆچکەیە، بێجگە لەو دۆزراوانە، چەندین پەیکەری یۆنانی و ڕۆمانی دۆزرانەوە. یەکێک لەو پەیکەرانە هی ئافرەتێک بوو بە بڕوای زاناکان ئەو پەیکەرە نموونەی (بیرسیفون (persephoی، کە خواوەندی ڕەوەکە لە لای یۆنانییەکان، دووەمیشیان پەیکەری ئەدونیسە Adonisکە هێمای پیتاندن(خصوبە)ە لە لایان. بە گشت ئەم دۆزراوانە بۆیان دەرکەوت، کە دانیشتوانی ئەم جێگایە گشتیان لە تاقمی ئەسکەندەری مەکدۆنی بوون. شارەزایان لەو باوەڕەدان، کە ئەسکەندەر ئەم شارۆچکەیەی لە ساڵی 331پ.ز. دروست کرد. لەو جێگایە خۆی و 3000 لە جەنگاوەرە دێرینەکانی تا ڕادەیەک لەوێ جێگیر بوون.

ئەسکەندەر دوای ئەوەی بەسەر داریۆسی سییەم، شای فارسەکان لە شەری گۆگامیلا (لە هەندێ سەرچاوە بە شەری ئەربیلا ناسراوە) سەرکەوت، هاتە ئەو ناوچەیە و ئیمپراتۆریەتی فارسی تەفروتوناکرد. دوای ئەو شەڕە ئەم شارۆچکەیەی دروست کرد، وەک سەنتەرێکی بازرگانی بۆ شەراب و هاتوچۆی سوپا و ڕێبوارانی ئەو ڕێگا ستراتیژییەی، کە ئێرانی لە ڕێگای کوردستانەوە بە وڵاتی میسوبوتێمیاوە ئەبەست.



ئەسکەندەری مەقدۆنی

سەرچاوەکان:

1-Tia Ghose, Lost city of Alexander the great unearthed in Kurdstan Iraq,LiveSCi site.

2-Gobe Paoletti , Declsssifid satellite images shows lost city of Alexander the great, Ati site.

3-Peter Dockrill, lost city of Alexander the great thought to be found after 2000 years, Science,site.



ئاگر لەڕێڕەوی ئەفسانەو مێژووی کۆندا



کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گێڕیوێتی

وشەی ئاگر، لەئاوێستادا (ئاتەر)ەو لەپەهلەویدا (ئاتور) و (ئاتەش) و لەپارسیدا (ئازەر) و (ئادەر) و لەزاراوە جیاجیاکانی تریشدا (ئاتیش) و (تەش) بەدەستەوە دەدات. ڕەگو ڕیشەی ئەم وشەیە لەسانسکریتدا (ئادەر)ە، کە بەمانای مەشخەڵ دێتو ناونیشانە بۆ سیفەتی خواوەندی ئاگر، کە بە (ئاگنی) ناوی هاتووە.

ئەوە گرنگترین داهێنانی زیندووی مرۆڤ بووە، بەتایبەتی لەناوچە ساردەکاندا، کە بۆ یەکەمجار گەلان بەشێوەی جۆراوجۆر ئاشنای ئاگر بوون، ئەوەش لەداستانەکانو ئەفسانەکانی پێشووەدا ڕەنگی داوەتەوە. بەوجۆرە هەندێک لەو ئاگرانە بەشێوەی بروسکەی ئاسایی لەئاسماندا دیویانەو دەڕوپینیان لێکردوون. بەشێکی تر لەوانە بەشێوەی گڕی بەکۆمەڵ لەبەردی ئاسمان ڕاڤەیان لێکردوون، بەوەی لەوێوە هاتووەتە خوارەوەو بەزەوی گەیشتووە، هەندێکی تر لەڕێگای گڕکانو گازی مەشخەڵدار پێی ئاشنا بوون. بەهەرحاڵ ئاگر لەو تۆخمانەیە کە لەسروشتدا بەدەستمان گەیشتووەو ئاشنا بەگەلانی کۆن لە ئەشکەوتەکاندا بووەو پارێزگارییان لێکردووە.

ئەم تۆخمە کە لەناو چوار تۆخمدایە: (ئاو، با، ئاگرو خاک) ئەمیان لەشێوەدا جوانترینیانە و لەکۆنەوە بووەتە سەرچاوە لای نەتەوەکانو سوودی گەیاندووە. لەئاینەکانی ئاریاییداو هەتاکو لەناو عەشیرەتەکانی بتپەرستیشدا لەئەفریقا، ئاگر خاوەنی کەسایەتیو گرنگیدانی تایبەت بەخۆی بووە.

لەئێراندا پەیدابوونی ئاگر بەپێی باسی شاهنامە، دەیخەنە پاڵ (هۆشەنگ)، ئەو ڕۆژێک بۆ ڕاو دەردەچێت، لەسەر ڕێگاکەی مارێک دەبینێت. کە ئەو جانەوەرە هەتاکو ئەو ڕۆژگارەش ناسراو نەبووە. بۆ کوشتنی بەردێکی تێدەگرێت بەقسەی (فیردەوسی) ئاگری لێدەبێتەوە. (هۆشەنگ) شوکرانە پێشکەش دەکات، کە ئەم تیشکە یەزدانییە. ئەو ڕۆژە کراوەتە جەژنو هەموو ساڵێک لەو ڕۆژو شەوەدا ئاگر ڕوناکی داوە. بەشێکی تر لەئەفسانەکانی ئێران، دەرکەوتنی لەسەرخۆی ئاگر بەوجۆرە دەگێڕنەوە لەنزیکەوە دەیبەستنەوە بەڕووەک. لەخەیاڵی گەلانی هیندو ئێرانیشدا وایان داناوە کە ئەو گەلانە، پەیدابوونی ئاگر لە لێکدانی دوو پارچە دار لەیەکتری بەدەست دەهێنرێت.

لەسەردەمە کۆنەکانیشدا، ئاگر لای تایەفەکانی هیندو ئەوروپایی ڕێزیان لێناوەو لایان پیرۆز بووە، لەبەرئەوەی یەزدانییە. هیندییەکانیش ئاگریان بەکوڕی خواوەندی ئاسمان داناوە. وا ڕاڤەیان لێکردووە کە لەئاسمانەوە بۆ زەوی ئاگری هێناوە.

لەئاوێستادا ئاگر، کوڕی ئاهۆرا مزدایەو زەویش کچی پەروەردگارەو ئەوی ناسیوە. ئەو ڕەگەزانەش لەمرۆڤی ناپاکو جانەوەرەکان، دوورخراونەتەوەو شەوانەش هێرشیان بردۆتە سەر ڕوناکی شوێنی حەسانەوەی مرۆڤە پاکەکان. هەر بەوجۆرە ئاگر ناونیشانە بۆ نێردراوێک لەنێوان خواوەندەکانو مرۆڤدا کە سەرچاوەی ڕێزلێنانە بۆی. لەو لایەنەوە هەربۆیە لەئێراندا دیمەنی ئەو خواوەندەو مەشخەڵەکەی یاد دەکرێتەوەو تیشکەکەشی بەخواوەند دەخوێنرێتەوە، کە مەشخەڵی پیرۆزەو بەدارو گوڵاو پڕژێن لەپەرستگاکانی ئاگردا هەموو کات دەکرێتەوەو دروشاوەیەو بۆ بەردەوامبوونی سەردانی دەکەن، ئەمەش ڕێزلێنانی تایبەتە بۆ قایل بوونی.

ئاگردانی دروشاوە لەپەرستگاکاندا بەمەرتەبەی میحراب دێت لای پەیڕەوانی (مەزد یەسنا).

یەکێک لەو بەڵگانەی ڕێز بۆ پەرستنی ئاگر دانراوە، ئاوە، کە مانای لەدایکبوونی ژیانەو زانیاریان لەسەری بووەو پێی باوەڕدار بوون، لەگەڵ بوونی هەمە چیزەی تریش کە پێوەی وابەستە بوون.

لەئاوێستادا پایەی بڵندو گەورەیی لەتەرەفی ئاهۆرامزداوە تایبەتە بەپێغەمبەریان بەپاڵەوانەکەی بەخشراوە. لەمەزدیەسناشدا عادەتەن هەیە کە زەردەشت ئاگری نەمری پێدراوە. بەقەولێکی وردتر 5بەش ئاگر لەئاوێستادا ئەژمار کراوە، هەریەکێک لەوانە بەجیا پارێزراون. نێردراوی یەکەم، ئاگری گەورەیە کە بەئاگری بارام ناسراوەو لەپەرستگاکانیدا ئاگردان هەن، دووەم ئاگری لاشەی جانەوەرەکانو لاشەی ئادەمییەکان، کە ئەوانە بەگەرمای لەشیان دەربڕینیان لێکردووە، سێیەمین ئاگر ڕزگاربوونە لەدارو گژوگیا، چوارەمین ئاگر، ئاوی ڕۆشتووە کە هەمان هەورە بروسکە، یان ئاگر لەکۆتەڵەکەی بەر بووەو بڵاوبووەتەوە، پێنجەمین ئاگر هی تەختی نەمرەکانە کە ڕووی لەئاهۆرامزدایە.

بەوجۆرە وایان داناوە، ئاگر، تەواوی ئەو شتانەی هەنو لەدایکبووی سروشتن بەو مانایە گەوهەری نەمری هەموو جانەوەرەکانو مرۆڤن، هەر بەوشێوەیەش گەرمای دەرونیان غەریزەی جانەوەرەکان دەردەخات کە سەرچاوەیە بۆ بوونی هەڵسوکەوتی ئادەمی ڕەسەن لەبەردەم هەمان ئاگردا.

ئاگری مەعنەوی لەڕووەکەکانو بەردبووەکانیشدا بوونو هەن، ئاگری بەهەشتیش هی پاسەوانەکانی نەمرینو ئاگری پاکی زەویش، جانەوەران و تاوانباران و پیسەکان دەسووتێنێ.

لەجەژنەکانی ساڵداو لەئاهەنگ گێڕانەکانیاندا گرنگی ئاگر لەخۆیدا جارێکیتر دەردەکەوێت.

ئێرانییەکان لەو باوەڕەوە ڕێزی تایبەتییان بۆ ئاگر بووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆکارێک بۆمانەوەیو بەردەوامی لەناویاندا کە بەشێوەی خواوەند پەرستوویانە، یان ناسیویانە، پاسەوانی ئاگریش پەیوەستە بەمانگی 2ی ئێرانییەوە.

وشەی ئازەر لە فارسیدا وێنەیەکی تری ئاگرەو یەکێکە لەکۆنترین ناوەکانی لەزمانەکانی ئاریاییدا کە ریشەی بووە. بۆئەمەش یەسنای 62 لەستایشکردنی (ئازەر) و ئاگر لەکاتی نزاکردندا تایبەت بەنوێژ، بووەتە نوێنەری ئاگرو بەو ناوە ناسراوە. لەناو ڕووەکەکانیشدا ڕەنگە ئاگرینەکان بەخواوەندی ئاگر ناسراون.

نۆیەمین مانگی ساڵو نۆیەمین ڕۆژی ئەو مانگەش هەر بەناوی ئەو خواوەندەیەو ئازەر ڕۆژیش لەو مانگەدا کراوەتە جەژنو مرۆڤ لەپەرستگاکانی ئاگردا نزای بۆ کردووە.

سەرچاوە:
دکتر محمد جعفر یاحقی/ فرهنگ اساگیرو داستان وارەها در ادبیات فارسی/چاپ چهارم /1391 لا 16-20.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1775:
کۆنگرێسی ئەمەریکا بڕیاری دا ژەنەراڵ جۆرج واشنتۆن وەک سەرکردەی گشتی سوپای ئەمەریکا دابمەزرێنێ.



سالی 1831:
ڤایرۆسی تاعون لە کوێت بڵاوبووەوە و بووە هۆی مردنی هەزاران کەس.



سالی 1918:
شەڕی ناوخۆ لە فنلەندا کۆتایی هات.



سالی 1957:
شانشینی یەکگرتوو بۆ یەکەم جار بۆمبێکی هایدرۆجینی تاقی کردەوە.



سالی 1991:
تەقینەوەیەکی گڕکانی لە چیای بیناتۆبۆی فلپین رووبدا و بووە هۆی کوژرانی 800 کەس.



سالی 1996:
تەقینەوەیەکی تیرۆرستی لە شاری مانچستەری بەریتانیا رووبدا و بە هۆیەوە زیاتر لە 200 کەس بریندار بوون.



فەزای سیبرانی...

بواریٚکی لەبار بۆ تیرۆریستان و شەڕی ناڕاستەوخۆ

ئا: خالید گەردی

بەشی یەکەم

بە هۆی ئەو هێرشە تونده سیبرانییەی کە پێش چەند هەفتەیەک لەمەوبەر کرایە سەر ژێرخانی دەوڵەتی ئێران ، بەهۆی ئەو پەلامارەوە سەر لەنوێ بابەتی ئاسایشی سیبرانی لەسەر ئاستی جیهان بووە بابەتی گەرمی قسەوباس. ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەموو شتێ زیاتر جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە کێشەی فەزای خەیاڵیی یا گریمانەیی و فەزای سیبراییە ، کە شان بەشانی فەزای راستەقینە هەنگاو دەنێ، زێدەڕۆییە نیە گەر بڵێین لە هەندێ کاتدا لە جیهانە واقیعییەکە زۆر ترسناکترو خوێناوی تره.

لەبەر ئەوەی هێرش و پێکدادانەکان دوور لە چاوی خەڵک لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆر بە مەبەستی گۆڕانکاری یا کاریگەری لە سەر رووداوە سیاسی و ئابووریەکانی جیهان لە پشت شاشەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئێستا پانتاییەکی زۆر لە ململانێی نێوان هێزە زەبەلاحەکانی جیهان لە شێوازی شەڕی کلاسیکیی جارانەوە بۆ شێوازی شەڕی سەر تۆڕی ئینتەرنێت و فەزای ژمارەیی گۆڕاوە.دەستەواژەی شەڕی سیبرانی دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پەنجا ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی سەری هەڵدا، هەرچەندە رادەی کاریگەری و ئاساوارەکانی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک زیاتر دەرکەوت، دوای ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەلیکترۆنییەکان باڵیان بەسەر زۆربەری چالاکییەکانی مرۆڤ هەر لە گەشتی ئاسمانیی و دەریاییەوە بگرە تا بواری بۆرسەی دراو چالاکیی ئابووری و دارایی، داهێنا ، لە تۆڕی بەرگریەوە بووە ئامرازێک بۆ هێرش و پەلامار. بە کورتییەکەی ئەو ئامرازەی سەرەتا بۆ خۆش ژیانی مرۆڤ و خێرایی گەیاندنی زانیاری و بچووککردنەوەی گۆی زەوی داهێنرا ، بووە ئامرازێک بۆ شەڕو ململانێ لە زۆربەی بوارەکاندا، بە جۆرێک شارەزایانی ستراتیجی سەربازی گەیشتنە ئەو بڕوایە بەڵی ئەمە بواری پێنجەمی شەڕە لە دوای شەڕی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی و بۆشایی.

ج لایەنێ خاوەنی ئامرازەکانی شەڕی سیبرانییە؟

پرۆفیسۆر جوزیف ئیس نای زانا بیرمەندی ئەمەریکی و خاوەنی بیرۆکەی (هێزی نەرم) دەڵێ چەند هێزێ لە جیهان بە بزوێنەری سەرەکیی ئەو بواڕە ئەژمار دەکرێن کە ئەمانەن:

یەکەم : هەرچەندە هێرشی سیبرانی پێویستی بە وڵاتی گەورە و کاریگەر ئەوانەی ژێرخانێکی سیبرانییان بۆ پەلامارەدان و زیان گەیاندن لەسەر ئاستی جیهان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشداری کردن لە بۆشایی سیبرانی بۆ هەموو خاوەن عەقڵێ رەخساوە، کەواتە وڵاتان بە هەموو قەبارەکانیانەوە بچووک یا گەورە، هەر یەک بەقەد ئاستی توانای خۆی لەو بواڕە، خاوەنی ئەو ئامرازەیە.

دووەم: هێزە نا نێودەوڵەتییەکان ئەوانەی توانایان لە توانای وڵاتان کەمترەو زیاتر لە قەوارەی نەتەوەییەوە نزیکن، زۆر کات ئامانجی تێکدەرانەیان هەیە، بەڵام ئەگەر وێستیان کردەوەیەکی بەرفراوان ئەنجام بدەن ئەوا پێویستیان بە دەزگای هەواڵگری وڵاتان دەبێت، بەڵام لە توانایاندا هەیە دزە بکەنە نێو پێگە ئەلیکترۆنییەکان و سیستەمە چالاکەکانیان بکەنە ئامانجی خۆیان.

سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیهانییە گەورەکانی هاوشێوەی فەیسبووک و گوگل و تویتەرو هاوچەشنەکانیان، کە هەر یەک لەمانە خاوەن زانیاریەکی زۆرن و لە واقیعی حاڵدا توانایان لە توانای هەندێ وڵات زیاترە، لەمیانەی ئەو زانیاریەیان کە هەیانە دەتوانن دزە بکەنە نێو بازاڕەکانی سیبرانی و کاریگەریان لەسەر دروستکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگاو رای گشتی هەبێت.

چوارەم: گرووپە تیرۆریستییەکان، لێرەدا ترسناکیی فەزای سیبرانی روونترەدەبێتەوە، چونکە چەتە تاوانبارەکانیش دەتوانن سوود لەو بواڕە بۆ دزینی زانیارییەکان وەربگرن، ئەمەش کارئاسانییەکی باشە بۆ کردەوە ناڕەواکانیان وەک بازرگانی کردن بە مرۆڤ و چەک لە نێو ئەوەی پێی دەوترێت بازاڕی ڕەشدا.

پێنجەم: کەسە ئاساییەکان، تاکە کەسێک دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لەجیهانیی سیبرانی حاڵی جیهان بگۆڕێت یا گۆڕانکاری بەسەردابێنێت، نموونەی ئەمەش دیاردەی ویکلیسە ، کە تاکە کەسێک توانی دزە بکاتە نێو ئاسایشی زانیاریی ئەمەریکی و هەڕەشە لەگەورەترین وڵات لە جیهاندا کە ئەمەریکایە بکات نهێنییەکانی و هاوپەیمانەکانی لەسەر گۆی زەوی ئاشکرا بکات.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە 2020

هەر لەسەرەتای ئەمساڵدا چەندین هۆشداری لەبارەی رووداتی هێرشی سیبرانی لە سەر ئاستی جیهان دراوە، رەنگە لایەنێکی پەیوەندی بە راگەیانراوەکانی ئێرانەوە هەبێت، یا پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکاوە هەبێت.لە سێ ساڵی رابردوودا قسەوباسی گەرم لە ئەمریکا بە تایبەتیش لەلایەن ئەندامانی حزبی دیموکراتی لەسەر هۆکارەکانی شکستهێنانی هیلاری کلینتۆنی کاندیدەکەیانەوە بێت لە هەڵبژاردنی ساڵی 2016. زۆربەیان هۆکارەکەی بۆ دزەکردنی سیبرانی بۆ نێو بژمێرە ئەلیکترۆنییە تایبەتییەکانی سەر بە هەڵمەتی دیموکراتەکان دەگەڕێننەوە، ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتوو جەخت لە بوونی پیلانگێڕییەک بەمەبەستی شکستپێهێنانی ساندرزی کاندیدکراو دەکەنەوە لەبەرژەوەندی کلینتۆن، بەمەش دیموکراتەکان رەسیدێکی زۆرو هەلی سەرکەوتنیان لەدەستدا، هەر لەو ساتەوە زۆرینە پێیانوایە روسەکان وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لە کلینتۆن کە لەساڵی 2012 گومانی لە پاک و دروستی هەڵبژاردنەکە هەبوو، بەم دزەکردنە هەڵسابن. لێرەدا تاوانبارکردنی روسەکان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە قوڵتربۆوە هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لێکۆڵینەوەیان لەسەر کێشەکە کە بە کێشەی (روسیا- گیت) ناسراوە دست پێکرد، بەڵام واقیعی هێرشە سیبرانییەکە ئەو راستییە روون دەکاتەوە، کاریگی زەحمەت و مەحاڵە بتوانیت بەشێوەیەکی وردو دروست سەرچاوەی هێرشەکە دەستنیشان بکەیت، چونکە هێرشەکە لەسەر چەندین ئاستی جیاواز یا رەنگە لەلایەن گرووپێکی بەربڵاو لە چەندین وڵات لەسەر تۆڕی جیهانی بۆ یەک مەبەست ئەنجام بدرێت.هەربۆیە لەمساڵدا، هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا ، زۆر لە چاودێران دەپرسن، ئایا شان بە شانی هەڵبژاردنەکە خولێکی دیکەی هێرشی سیبرانی ئاراستەکراو لەدژی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت؟، ئەگەر رووبدا، کێ بکەرەکەیەتی؟ رووسیایە یا چین کە بە دوو دوژمنی سەرسەختی ستراتیژییەتی ئەمریکا ناودەبرێن.


شەڕی سیبرانی ئابووری

زۆرێک لە شیکەرەوان پێیانوایە لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیست و یەکدا شەڕ بە شێوازە کلاسیکییەکەی کە پێشتر سوپا بەرامبەر سوپا لەسەر زەوی و ئاسمان بەشەڕ دەهاتن روو نادات، (هەر چەندە ئەم ئەگەرەش بەرادەیەکی زۆر لە ئارادایە) بەڵکو شەڕی سەردەم، زیاتر شەڕی ئابووری دەبێت، ئا لێرەدا شەڕی سیبرانی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری ئابووری جا لەسەر ئاستی تاک یا کۆمپانیا بێت، یا دەزگا ئابووریی گەورەکانی وڵاتان رۆڵی گرنگ و کاریگەری خۆی دەگێڕێت.بۆ نموونە بێنەبەرچاوت کە وڵاتی چین چ کارێک بەرامبەر ئەمەریکا دەکات، ئەو نایەوێت شەڕی سەربازی لە دژی ئەمەریکا ئەنجام بدات، تا زانیاری وردی لەسەر توانا زەبەلاحەکانی ئەمریکا دەستکەوێت، بەڵام بێ وچان لە هەوڵی دزە کردنە بۆ نێو سیستەمی ئابووری ئەمەریکا تا زانیاری لەسەر بەرهەم و پیشەسازیی گەورەکانی جا لە بواری مەدەنی یا سەربازی دەستکەوێت. لەمبارەیەوە مایکل سیکریستی سەرۆکی تەنکیکی لە کۆمپانیای (بوز ئالن هاملتون)ی بەناوبانگی ئەمەریکی ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی ئەو پێگانە دەکات کە بۆ هێرشی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت وەک ئۆتۆمبێل و فڕۆکەی درون و مانگی دەستکرد وئامێری ئەلیکترۆنی. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پێگەی (تیک نیوز وۆلد) گوتوویەتی ئێمە رووبەڕووی تەشویشێکی زۆر بووینەتەوە کە یاریزانە بەتواناکان لە میانەی بەکارهێنانەوەی بەرنامە خاپورکارەکان دەستیان پێکردووە.

ئاڵای وڵاتان

تەنزانیا

لە ئەنجامی یەکگرتنی تەنجانیقا و زنجبار تەنزانیا دروست بووە بۆیە ئاڵاکەی لە تێکەڵکردنی ڕەنگی ئاڵاکانی هەردووک وڵات پێکدێ .ئاڵای تەنجانیقا بریتی بوو لە دوو شریتی سەوز وەک ئاماژەیەک بۆ بەپیتی خاک و کشتوکاڵ ، لەنێویاندا شریتێکی ڕەش هەبوو وەک ئاماژەدان بە بوونی زیاتر لە ڕەچەڵەکێک لە وڵات، دوای سەربەخۆبوون ، دوو شریتی زەردی دیکە بۆ ئاڵاکە زیاد کران وەک هێمایەک بۆ سەرچاوەی سامانی سروشتی. ئاڵای زنجباریش لە ڕەنگەکانی شین و ڕەش و سەوز پێکدەهات ، دوای یەکگرتنی هەردووک وڵات ، ڕەنگی شین وەرگیرا و خرایە نێو ئاڵای تەنجانیقا وەک هێمایەک بۆ دەریا و دوورگەی زنجبار.





ئایا کورۆنا کۆتایی بە یەکێتی ئەورووپا دێنێ؟

ئا: هەندرین شێرزاد

بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکی دوورودرێژ ئەورووپییەکان پێیان وابوو مەحاڵە ڤایرۆسی کورۆنا بگاتە کێشوەرەکەیان ، ئەوان بۆیە پێیان وابوو ئەم ڤایرۆسەش وەک زیکا و ئیبۆلایە و لەسەر خاکی وڵاتانی هەژار لەدایک بووە و هەر لەوێش کۆتایی دێ ، بەڵام دواتر دەرکەوت مەسەلەکە وا نیە و ئەم ڤایرۆسە تازەیە بڕیاری داوە جیهان بچووکتر بکاتەوە و هیچ مانایەکیش بۆ سنوورەکان نەهێڵێتەوە. هەر ئەو وەختە و لە دەرگا و پەنجەرەکانیاندا کورۆنا خۆی کرد بە مااڵیان و بوو بە هەڕەشە لەسەر هەموویان .

ئیتاڵیا هەڕەشەی کرد

لە گەرمەی تەنگژەی کورۆنادا ئیتاڵیا داوای یارمەتی بەپەلەی پزیشکی لە یەکێتی ئەورووپا کرد، بەڵام وەک وڵاتێکی ئەفریقی مامەڵەی لەگەڵ کرا ، ئەمەش وایکرد ماتیۆ سالڤینی راسترەو بڵێ: کاتێک ئەوانی تر رووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە ، دەبێ ئیتاڵیا پارە بدات ، بەڵام ئەگەر ئیتاڵیا تووشی گرفت بێ ئەوان سنوور و بانکەکانیان دادەخەن. لەو کاتەوە وڵاتانی ئەورووپا درکیان بەو راستیە کرد کە کاتی تۆمەتبارکردنی یەکتر نیە چونکە دوور نیە ئەمە ببێتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەاڵیەتی ، لە جیاتی ئەوە وا باشترە لەم قۆناغەدا هەر وڵاتێک سەرقاڵی رزگارکردنی خۆی بێ لەو تەنگژە کەموێنەیەدا.

کورۆنا تاکە کێشە نییە

چی دەبێ ئەگەر ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دابەزینی ئاستی مەترسی و بااڵبوونەوەی کورۆنا یان نەمانی رابگەیەنێ ؟ ئەمە ئەگەرچی ئێستا هەنگاوێکی گەشبینانە و دوورە ، بەاڵم ڕۆژێک دێ ئەمە ڕووبدات ، بەمەش ڤایرۆسەکە نامێنێ و یەکێتی ئەورووپا دەمێنێ ، ئەو کاتە سەرجەم ئەو درز و کێشە و گرفتانە دێنە پێشەوە کە ئەو یەکێتییان تەنیوە. یەکێک لەو کێشانە بریتیە لە الوازیی توانا کانی ئەورووپا سەبارەت بە هێنانەدی تەنسیقێکی هاوبەش لەنێوان ئەندامانا ، ئەمە جگە لە بوونی چەندین درزی دیکەی وەک بوونی بێرۆکراسی و الوازیی باری سیاسی کە یەکێتی ئەورووپای لەسەر بونیاد نراوە.لە راستیدا ئەم درز و ناکۆکیانە یەکێتییەکەیان خستۆتە بەردەم گوشاری تاقیکردنەوەیەکی راستەقینە، لێرەشدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

12 ساڵ لەمەوبەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ، واتە کاتی رووداتی تەنگژەی دارایی جیهان لە ساڵی 2008، وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا کۆمەڵێک رووداو و ناسەقامگیری گەورەی بەخۆیەوە دیت و خەریک بوو ببنە هۆی داڕماندنی تەواوی پەیکەری ئەو یەکێتییە.

دواتر کێشەی ئۆکرانیا و داگیرکردنی نیمچەدوورگەی کریمیا لەلایەن رووسیا رووبدا و یەکێتی ئەورووپا نەیتوانی لەرووی سیاسی و سەربازییەوە یارمەتی ئۆکرانیا بدات.

دوای بەرپابوونی شەڕ لە سووریا و چەند ناوچەیەکی دیکەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست ، ژمارەیەکی زۆری پەنابەران هەڵڕژانە سەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و هەر لە سەرەتاوە الوازیی ئەو وڵاتانە دەرکەوت سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشەیە ، ئەوەبوو پەنایان بردە بەر سڕکردنی ڕێککەوتنی شینگن بۆ ماوەی 2ساڵ وەک هەنگاوێک بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی تەنگژەکە ، دواتر مەجەر سکااڵی لەدژی یەکێتی ئەورووپا تۆمار کرد و سنوورەکانی لەگەڵ کرواتیا داخست ، سویدیش پردەکەی نێوان خۆی و دانیمارکی داخست .

ئەوان زانیاری لەبەک دەشارنەوە

لە ماوەی تەنگژەی کورۆنادا کە تا ئێستاش دڕێژەی هەیە ، زۆر لە وڵاتانی ئەورووپا هەڵسوکەوتی تاکاڵیانەیان ئەنجام دا بە تایبەتیش سەبارەت بە داخستنی سنوورەکانیان ، ئەگەرچیش راوێژکاری ئەڵمانیا چەند جارێک دووپاتی کردۆتەوە کە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا نابێ پەنا ببەنە بەر گۆشەگیری و داخستنی سنوورەکان و وەستاندنی جموجۆڵی نێوانیان ، بەاڵم تەنیا سێ ڕۆژ دواتر وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا رایگەیاند وڵاتەکەی هەوڵی ڕێگرتن لە بااڵبوونەوەی پەتاکە دەدات و ئەمەش پێویستی بە کەمکردنەوەی جوڵەی خەڵک هەیە. لە الیەکی دیکە ، ئۆرسوال ڤۆن دیرالاینی سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا هەمان قسەی دووبارە کردەوە بەاڵم تەنیا حەوت کاتژمێر دواتر سەرۆک وەزیرانی دانیمارک بڕیاری داخستنی سنوری وڵاتەکەی دا . کەواتە لەو ماوەیەدا دەرکەوت کە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا متمانەیان بە یەکتر نەماوە و زانیاریش لەیەکتر دەشارنەوە.

سەبارەت بە کاردانەوەی وڵاتانی ئەورووپا

دووڕکەوتنەوە لە ئەوانی تر بۆ دووریەکی دیاریکراو یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی خۆپاراستن لە پەتای کورۆنا ، بۆیە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دەخوازن کەمێک لەیەک دوور بکەونەوە ، بەاڵم ئەمە واتای کەمبوونەوەی جموجۆڵ و چاالکی ئابووریشی لێ دەکەوێتەوە ، چونکە ئەو کاتە خەڵک کەمتر کار دەکات و خەرجی و سەرمایەگوزاریشیان کەم دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ئابووری جیهان روو لە داتەپین دەکات.


ئەمەش لە ئێستادا بەدی دەکرێ ، ئەگەرچیش بانکی یەدەگی ئەمەریکا بەبێ ڕەزامەندی تەرەمپ ئاسانکاریی دارایی گەورەی پێشکەشی یەکێتی ئەورووپا کرد ، بەاڵم ئەو وڵاتانە کاردانەوەی لەسەرخۆ و پێشبینی نەکراویان نواند .

ئەگەرچی یەکێتی ئەورووپا پاڵنێکی کاری هاوبەشی راگەیاند ، بەاڵم هیچی وای بۆ خولقاندنی سیاسەتێکی دارایی هاوبەش نەکرد. بانکی ئینگلتەراش ڕێژەی سوودی دابەزاند و حکومەتیش چەند ڕێکارێکی دارایی گرنگی گرتەبەر ، ئەمەش لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا گرنگتر بوو.

ڕاستڕەوەکان چاوەڕێی دەرفەتێک دەکەن

ئێستا ترسی گەورە بەرامبەر بە بوون و مانەوەی ئەو یەکێتییەیە ، چونکە ترس هەیە لەوەی لە جیهانی دوای کورۆنادا شتێک نەمێنێ بەناوی یەکێتی ئەورووپا ، ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە ئاماژەن بۆ ئەوەی هەر وڵاتێک لە کاتی تەنگژەدا چاوی لە دەستی هیچ ئەندامێکی دیکە نەبێ. لەبەرامبەریشدا چین ئێستا سەرقاڵی ڕێگەخۆشکردنە بۆ ئەوەی شوێنی ئەمەریکا بگرێتەوە و یارمەتی پێشکەشی ئەو وڵاتانە بکات کە زیانی زۆریان بەر کەوتووە.لەو نێوەندەشدا سەرکردەکانی یەکێتی ئەورووپا ئاگایان لەوە نیە کە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان خۆیان بۆ دەرفەتێک ئامادە کردووە و ئەوان چاوەڕێ دەکەن دەسەاڵتەکانیان شکست بێنن بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و گۆڕەپانی سیاسی داگیر بکەن.

کاریکاتێر



مانشێت



ئێندیپێندێنت:
لە چەند شارێکی بەریتانیا خۆپیشاندان لە دژی ڕاگەزپەرستی ئەنجام درا و تووندوتیژیی لە نێوان خۆپیشاندەران رووید ا.



ئۆبزێرڤەر:
دوای بەرێوەچوونی گفتوگۆی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و حکوومەتی عێراق، ئەمەریکا رایگەیاند لە چەند مانگی داهاتوودا ژمارەی هێزەکانی لە عێراق کەم دەکاتەوە.



سکای نیوز:
لەسەر شەقامێکی خێرا لە چین تانکەرێکی پڕ لە نەوت تەقیەوە و لە ئەنجامدا 18 کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە 200 کەسی دیکە بریندار بوون.



ئەی ئێف پی:
بڕیار وایە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا ئەڵمانیا سنوورەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا بکاتەوە.



ڕۆیتەرز:
لە باکووری ڕۆژهەاڵتی نایجیریا ژمارەیەک چەکداری تووندڕەو 20 سەرباز و 40 کەسی سڤیلیان کوشت.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
چەند وڵاتێکی ئەورووپی ڕێککەوتنیان لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەمسااڵ 400ملیۆن دەرزی ڤاکسینی کورۆنا بەرهەم بهێنرێ.

www.xebat.net
دوو شەممە 2020/6/15 ژمارە (5953)
خەبات

پەتای کۆرۆنا و کاریگەریی لەسەر پرۆسێسەکانی روانگەکردنی کەش و هەوا لە جیهاندا



دلەڕاوکێیی باڵی کێشاوە بەسەر (ڕێکخراو کەشناسی جیهانی - WMO) بەهۆی کارتێکردنی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی (پەتای کۆرۆنا) لەسەر بوارو بڕو کوالیتی کردارەکانی روانگەکردنی کەش و ئاوو هەوای جیهانیی و لایەنەکانی پێشبینیکردندا.

بۆ نموونە، ئاستی دەستکەوتنی داتای کەش و ئاوو هەوایی لە فڕۆکەکان کە لەم بوارەدا ڕۆڵی هەرە سەرەکیان گێڕاوە، بە ڕێژەی 75%تا 80دابەزیوە لە نێوەگۆی باکووری زەوی، بەڵام لە نیوەگۆی باشوور ئاستەکە خراپترەو گەیشتۆتە سنووری 90% ، ئەمە جگە لە کەمبوونەوەی کردارەکانی روانگەکردنی کەشناسی سەرزەمینی تایبەت بە وێستگەکان، دوای وەستاندنی دەوامی فەرمی فەرمانگەکان و کەرەنتینکردنی کارمەندانیان، بە تایبەتیش لە وڵاتانی (ئەفریقیاو ئەمریکای ناوەڕاست و باشوور) کە بەشی هەرە زۆری وێستگەکانیان (کلاسیک) ین، واتە (ئۆتۆماتیکی) نین و بەپێ بوونی کارمەندی مرۆیی سوود لە داتاکانیان وەرناگیرێت.

سەبارەت بە فڕۆکەکان، ئەوا بێگومان ئەو فڕۆکانەی کەوا تەنانەت لەبواری بازرگانیش کاردەکەن، ڕۆژێکی گەوردیان هەیە لەنێو (پڕۆگرامی دووبارە پەخشکردنەوەی داتاکانی کەش و هەوایی دەرچوو لە فڕۆکەکان - AMDAR) کە تایبەتە بە (ڕێکخراوی کەشناسیی جیهانی - WMO)، کاتێک ئەو فڕۆکانە ئامێرەکانی دووری هەستپێکردن و سیستەمی کۆمپیوتەرو پەیوەندی نێو خۆیدا بەکاردەهێنێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داتاکانی تایبەت بە بارو توخمەکانی کەش و هەوا کۆدەکاتەوەو شیکردنەوەیان بۆ دەکات و ئینجا لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان یان پەخشی بێتەلیی، ڕەوانەی (وێستگەکانی کەشناسیی سەرزەمینی) یان دەکاتەوە.

لەسەر ئاستی جیهانیدا، (پڕۆگرامی دووبارە پەخشکردنەوەی داتاکانی کەش و هەوایی دەرچوو لە فڕۆکەکان - AMDAR) لە ڕۆژێکدا بڕی 800.000ڕوانگەکردنی زۆر نایاب دەبارەی پلەکانی گەرمای نێو بەرگەهەوای زەوی و خێرایی و ئاراستەی باو پێوانەکردنی ڕادەی شێ و حاڵەتەکانی نائارامیی کەش و هەوایی جیاجیا ئەنجام دەدات.

ئێستا 43کۆمپانیای فڕینی جیهانیی و چەند هەزار فڕۆکەیەکی دیکەی تایبەت بە بەرنامەی (AMDAR) ئەم کارە هەرە گرنگەو ستراتیژییەی ڕۆژانەیان ئەنجام داوەو پێشبینیش دەکرێ سنووری ئەو بەرنامەیە لە ساڵانی داهاتوودا فراوانبوونێکی گەورە بەخۆیانەوە ببینن، وەک بەرهەمێکی زۆر گرنگی هەماهەنگیی لەنێو بەرنامەی (AMDAR) و (دەزگای گواستنەوەی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی - IATA)، بەڵام دوابەدوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناو وەستانی تەواوی هێڵەکانی فڕین لە جیهاندا، ئێستا ئەو داتایە هەرە گرنگانەی ڕۆژانە دەستناکەون و پڕۆسەکە پەکی کەوتووە.

" ئەگەرچی دەزگاکانی نیشتیمانیی تایبەت بە ڕوانگەکردنی کەش و هەواو هایدرۆلۆجیی (NMHSs) بەدرێژایی شەوو ڕۆژی هەفتە لەکاری خۆی نەوەستاوە، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی (پەتای کۆرۆنا) دووچاری گیروگرفتی زۆر گەورە بۆتەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەمە جگە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوو هەواو زیادبوونی ڕێژەی کارەساتە سروشتییەکانی پەیوەست بە کەش و هەوا، وەک گێژەڵوکەی (هاڕۆڵد) لە (زەریای هێمن) و لافاوەکانی ڕۆژهەڵاتی (ئەفریقیا) و نزیکبوونەوەی وەرزی ڕووداتی گێژەڵوکەکان لە (زەریای ئەتڵەسی) دا، ئەوەتا (پەتای کۆرۆنا) کێشەیەکی دیکەی دروستکردووەو ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ زیادکردنی تەنگ و چەڵەمەو گیروگرفتەکان، بۆیە پێویستییەکی زۆرە کەوا حکومەتی وڵاتان گرنگییەکی تەواو بەدەن بە سیستەمەکانی (ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە) و ڕوانگەکردنەکانی کەش هەوای ڕۆژانە"، لە زاری (پیتیری تالاس) ی سەرۆکی (ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی - WMO).


به پێچەوانەی پروپاگندەکان، خۆرو هیچ کێشەیەکی نییە

وەک زۆربەی هەرە زۆری پروپاگندەکانی دیکە کە بە داخەوە بەخێرایی تیشک لەنێو ئینەرنێت و تەنانەت شاشەکانی تەلەڤزیۆن و شەپۆلەکانی ڕادیۆدا بڵاو دەبنەوە، ماوەیەکە یەکێ لە چالاکییەکانی خۆر بۆتە مانشێتی هەواڵە گرنگەکانی تایبەت بە لەناوچوونی زەوی و ژیان لەسەریدا، گوایە ئەمجارەیان بەردە نەیزەک و هەسارۆکە بەربەر زەوی ناکەوێت، بەڵکو خۆر (گوایە) هۆکاری سەرهەڵدانی (کارەسات) یەکە لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، خۆر تاوانبار نییە و بەڵکو هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر ووی هەسارەکەمان ئەو تۆمەتەیان خستۆتە پاڵی!

ئەوجارەیان لەسەر دیاردەی ناسراو بە (خولی 11 ساڵەی چالاکیی خۆر) کێشەیەکی گەورەی لێک تێنەگەیشتن لەنێوان زانایانی فەلەکناسی و هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تۆڕەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی فێسبووک و ئینستگرام و تویتەر ڕوویداوە، داوی ئەوەی ئەو دەزگایانە و چەندین کەناڵی دیکەی میدیایی ڕاستییەکانی ئەم چالاکییەی خۆریان بە شێوەیەکی زۆر نادروست مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

ماوەیەکی یەگجار زۆرە، پسپۆڕانی فەلەکناسی ئاشنای یەکێ لەو گۆڕانکاریانەی کەوا خۆری خۆمان لەماوەی 11 ساڵ جارێکدا بەسەریدا دێت و ناسراوە بە خولی 11 ساڵەی خۆر)، کە لەو ماوەیەدا دیاردەی ناسراو بە (پەلە ڕەشەکان-Sun Spots)، ئەو پەلە ڕەشانەش ناوەکەی هەر لە خۆیانە، بریتین لە قاپی ڕەش لەسەر چینی ناسراو بە (فۆتۆسفیر) ی خۆردا دەردەکەوێ، تاوەکو ئێستا پسپۆڕان بە تەواوی نازانن کەوا هۆکاری دەرکەوتنی ئەو پەلە ڕەشانە چییە، بەڵام دەزانن کەوا هۆکاری ئەو ڕەنگە تاریکییەی دەگەڕێتەوە بۆ نزمیی پلەی گەرمیی خۆی کە 3900 پلەی سیلیزیبە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری خۆیدا کە 5505 پلەی سیلیزیبە، بۆیە بە تاریکی دەردەکەون، لەهەمان کاتدا ئەو پەلە ڕەشانەی خۆر سەرچاوەی زۆر بەهێزی تیشکەکانی کارۆمۆگناتیسی و خاوەن کایەیەکی موگناتیسی بەهێزن و هەروەها بڕێکی زۆر مەزنی تەنۆچکە بارگاوییەکانیان لێوە دەردەچێت، لێردا وە دوای ڕوانگەکردنێکی دوورودرێژی خۆرو چالاکییەکەی لە ماوەی 3 سەدەی ڕابردوودا پسپۆڕان توانیان بگەنە ئەو ڕاستییەی ژمارەی ئەو پەلە ڕەشانەی خۆر لە ماوەی 11ساڵدا کەم دەکات و پاشان دەردەکەونەوە، وە ئێستا خۆر لە قۆناغێکدایە کە ناسراوە بە (سوباتی خۆر) و تیایدا ژمارەی ئەو پەلە ڕەشانە زۆر کەم دەبنەوەو بەڵکو بۆماوەی چەندین مانگ بە تەواوی ون دەبن، پاشان بۆ جارێکی دیکە دەردەکەونەوە.

لە خولی ئەمجارەدا، دەرکەوتووە ماوەی دەرنەکەوتنی ئەو پەلە ڕەشانەی خۆر کەم دەبنەوەو بەڵکو بۆماوەی چەندین مانگ بە تەواوی ون دەبن، پاشان بۆ جارێکی دیکە دەردەکەونەوە.



لەدوای تەواوبوونی ئەو خولەو (سوبات) ەی خۆر، بێ شک جارێکی دیکە چالاکییەکەی بەرزدەبێتەوەو دەگەڕێتەوە ئاستی سروشتی خۆی وە هەروەها پەلە ڕەشەکانیش دووبارە دەردەکەونەوە، ئیدی بەم شێوەیە خولێکی دیکەی 11 ساڵەی خۆر دەستپێدەکاتەوەو ئێستاش هیچ مەترسییەک و هیچ کێشەو گرفتێک لە ئارادانییە نەی خۆر دڕێژتر بووە لە وادەی ئاسایی خۆی، ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی وزەی تیشکیی و موگناتیسی خۆر، ئەمەش بە دەوریەوە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەیەکی زۆر زۆر کەمیی پلەکانی گەرما لەسەر زەوی لەسەر معدل ی گشتیدا، کە ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ژیان و بە پشتیوانی خوای هەورە بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆی سەرهەڵدانی سارەدوسۆڵی و لەناوچوونی بەروبوومی کشتوکاڵیی و قەیران و کارەسات.

پێویستە ئەم دوو چەمکە گرنگە لێک جیا بکرێنەوە



زۆرجار پرسیار لەوە دەکرێ، بۆچی ئاژانسێکی وەک ناسا ئاماژە بە مەترسیی ئەو هەسارۆکەو بەردە نەیزەکییەکان دەکات و لەنێو پانتاییەکی فراوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانییدا هەواڵی نزیک کەوتنەوەی ئەو تەنە ئاسمانیانە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام کێشە هەرە گەورەکە لەودیە کەوا بەشێک لەو دەزگایانە بە شێوەیەکی نا دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە هەواڵانە دەکەن و لە دەرەنجامدا ترس و دڵەڕواکێیەکی زۆر دەنێتەوە لەنێو خەڵکیدا، جا هۆکارەکەی هەڵبێت لە تێگەیشتنی بابەتەکە و وەرگێڕانی یاخود بە ئەنقەست ئە هەواڵە بەشێوەیەکی ترو بۆ مەرامێکی تر بڵاودەکرێنەوە دوور لە ڕاستیدا.

هەر کاتێک هەواڵێک دەبارەی نزیک کەوتنەوەی یەکێ لەو تەنانە لەلایەن ناسا وە بڵاو دەکرێتەوە دوو دەستەواژە بەکاردەهێنرێت:

1- ئەگەری مەترسیی - Hazardous کە هێمایە بۆ ئەو هەسارۆکەو نەیزەکانەی کە تیرەو قەبارەیان گەورەیەو لە مەودایەکی نزیک لە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی زەویدا تێدەپەڕێ و لە ئەوانی دیکە بە تەواوی جیا دەکرێنەوە.

2- دووریی لە ئاراستەی بەرکەوتن واتە، لەگەڵ ئەوەی ئەو تەنە ئاسمانییە خاوەن قەبارەو تیرەیەکی گەورەیە و لە زەویش تا ڕادەیەک نزیک دەکەوێتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بە ئاراستەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ نییە لەگەڵ زەوی

ئەم دوو چەمکە بەردەوام لەگەڵ ئەو جۆرە تەنە ئاسمانیانە بەکاردێن وەک هەسارۆکەو نەیزەک کاتێک لە زووەوە دەدۆزرێنەوە و دەستنیشان دەکرێن تا بە وردیی لێکۆڵینەوەو ڕوانگەی لەسەردا بکرێ و ئاسای ورد دەربارەیانەوە بۆ زانایان و ڕای گشتیش بڵاوبکرێتەوە.

واتە بەهیچ شێوەیەک ((ئەگەری مەترسیی)) مانای بەرکەوتن نییە لەگەڵ زەوی، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوابڵاوکرایەوە: ((ئەگەری مەترسیی و ڕاستەوخۆ لە ئاراستەی بەرکەوتن لەگەڵ زەوی)) ئا ئەمە کارەساتەکەی بەدوا دادێت، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە تاوەکو ئێستا هیچ کامێک لەو هەسارۆکەو نەیزەکە گەورانەی کە بەردەوام لەژێر چاودێری و ڕوانگەکردنی بەردەوامن.

گرنگترین هۆکار بۆ ئەوەی فەلەکناسان وەسفی بەشێک لەو تەنە ئاسمانیانە بکەن بە ((ئەگەری مەترسیی)) بۆ ئەوەیە کەوا پسپۆڕان خۆیان ئامادەبکەن بۆ هەر سیناریۆیەک و چۆنییەتی خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێک و چۆنییەتی بەرپەرچدانەوەی یان دۆزینەوەی هەر هۆکارو ڕێکارێک بۆ خۆپارێزی یان کەمکردنەوەی هەر زەرەو زیانێک کە ڕەنگە لە دەرەنجامی هەر جۆرە بەرکەوتنێکدا ڕوبدات، لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کەوا سوپاس بۆ خوای گەورە تا وەکو ئێستاو تا داهاتوویەکی دوورییش هیچ ئەگەرێکی بەرکەوتن نییە لەنێوان زەوی و هیچ کامێک لەو هەسارۆکەو نەیزەکە گەورانەی کە بەردەوام لەژێر چاودێری و ڕوانگەکردنی بەردەوامن.

شیرەمەنییەکان دەبێتە خۆراکێکی سەرەکیی کەشتیوانانی ئاسمانیی



تیمێک لە پسپۆڕانی (پەیمانگەی حکومی تایبەت بە بەرهەمە بایۆلۆژییە بێگەردەکان) لە ئەمریکا داوایان کردووە کەوا بەرهەمەکانی شیرنەمەنی (ئەلبان) بە تایبەتیش ماست و پەنیر، بخرێتە نێو سیستەمی خۆراکیی سەرەکیی کەشتیوانانی ئاسمانیی، بە تایبەتی ئەوانەی بۆماوەی دوورودرێژ لەنێو بۆشایی ئاسماندا دەمێننەوە، یان ئەوانەی لە داهاتوودا گەشتی درێژخایەن بۆ مانگ و مەریخ ئەنجام دەدەن.

بە پێی دەرەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەنێو وێستگەی ئاسمانیی نێو دەوڵەتییەوە دەستکەوتوون، خواردنی بەروبوومەکانی شیرەمەنی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زیاتری پێکهاتەی (بریۆتیک) کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی زیاتری ئەو مەترسیانەی کە دووچاری کەشتیوانان دەبێتەوە بە تایبەتیش لە میانەی ئەنجامدانی گەشتە درێژخایەنەکاندا.

پێشتریش وە لەچوارچێوەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناسراو بە (برۆبیۆفیت) لە نێو وێستگەی ئاسمانیی نێو دەوڵەتیی (ئەلفا) لە ساڵی 2016، جۆرە شیرێک بەرهەمهات کە بڕێکی بەرچاوی بەکتریای ناسراو بە (چیلکەییەکانی شیر) کە خاوەن تایبەتمەندی دژە بەکتریای هۆکاری نەخۆشییەکان و بەرزکردنەوەی چالاکیی دژە ئۆکساندن و پاراستنی لەش لە تیشکە بارگاویی کراوەکانە.

بەرشلۆنە کۆتینهۆی ناوێت

یانەی بەرشلۆنە هەوڵ دەدات کۆتینهۆ لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و بیفرۆشێت، کە بەخواستن بۆ بایرن میونخ یاریدەکرد و لە کۆتایی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە یانەکەی.
کۆتینهۆ لەماوەی رابردوو نەیتوانی ئاستی راستەقینە لەگەڵ یانەی بایرن میونخ و یانەکەی یانەی بەرشلۆنە پێشانبدات، هەربۆیە یانەی بەرشلۆنە بەهەر رێگەیەکبێت دەیەوێت دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت.
لەئێستاشدا یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی لە هەوڵی کرینی ئەو یاریزانەیە و دەوێت سود لەتواناکای ئەو یاریزانە وەربگرێت. کۆتینهۆ لەگەڵ خولی ئینگلیزی تاراددەیەک سەرکەوتووبووە و ئەوکاتەی یاری بۆ لیڤەرپول دەکرد لە باشترین ئاستی خۆیدابوو، هەربۆیە چاوەڕوانەدەکرێ لە ئەگەری سەرکەوتنی گواستنەوەی بۆ ئەرسنالّ ئاستی راستەقینەی بۆ بگەڕێتەوە.

ئەحمەد رازی توشی کۆڕۆنا بوو

ئەحمەد رازی، یاریزانی پێشوی هەڵبژاردەی عێراق و یەکێک لە ئەستێرە دیارەکانی رابردوو، بەهۆی کۆرۆناوە گواستراینەوە نەخۆشخانە.
میدیایی عێراقییەکان بڵاویان کردەوە، دوای ئەوەی ئەحمەد رازی یاریزانی پێشوی هەڵبژاردەی عێراق ، لە عەمانی پایتەختی ئەردەن گەڕایەوە و پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنای بۆ کرا، ئەنجامی پشکنینەکانی پۆزەتیڤ بووە و تووشی کۆرۆنا بوو. دوای دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکان راستەوخۆ گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی بەغدا و لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدایە.



10هەزار جەماوەر دەگەڕێنەوە ناو یاریگاکانی ئوستڕالیا

سکۆت مۆریسۆنی سەرۆک وەزیرانی ئوستڕالیا رایگەیاند کە مانگی داهاتوو رێگا بە هاندەران دەدرێت بگەڕێنەوە ناو یاریگاکان لە وڵاتەکەی.
سەرۆک وەزیران چەند مەرجێکی داناوە بۆ دووبارە گەڕانەوەی جەماوەر بۆ ناو یاریگاکانی تۆپی پێ، کە لەهەر یارییەکدا ژمارەی جەماوەر لە 10هەزار کەس تێپەڕ نەکات و ماوەی نێوانیشیان زۆر نزیک نەبێت، ئەمە بۆ یاریگایەک کە جێگای 40هەزار جەماوەری تێدا ببێتەوە.
هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە پێویستە لە ئاهەنگگێڕان و هاتووچۆی ناو یاریگادا مەرجە تەندروستییەکان پەیڕەو بکرێت و پێویستە سیستمێک بۆ پلیت بڕین هەبێت و بزانرێت کێن ئەوانەی ئامادەی ئەو یاریگایە دەبێت،هەر پێشێلکارییەک رووبدات ئەوا رووبەرووی سزا دەبێتەوە.



بەرلسکۆنی: دەمەوێت کاکا و ئیبراهیمۆڤیچ بهێنمە یانەکەم



سێلڤیۆ بەرلسکۆنی سەرۆکی ئێستای یانەی موانزا کە لە خولی پلە دووی ئیتالیا یاری دەکات رایگەیاند: بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی پلە دوو پێویستم بە کاکا و ئیبراهیمۆڤیچە.
سەرۆکی پێشوی یانەی ئەیسی میلان و سەرۆکی ئێستای یانەی موانزا لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا، ریکاردۆ کاکا و زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بە دوو یاریزانی زۆر تایبەت و نموونەیی دەزانێت و هەوڵ دەدات ئەو دووياریزانە پەلکێشی یانەکەی بکات تاکو بگات بە پلە یەکی ئیتالیا و ناسناوی پلە دووی ئەو وڵاتە بەدەست بهێنێت.
ریکاردۆ کاکا لە ساڵی ٢٠١٧ وازهێنانی یەکجاری لە تۆپی پێ راگەیاند و ئیبراهیمۆڤیچیش لەمساڵدا بۆندەکەی لەگەڵ میلان کۆتایی دێت. سەرکێشیەکانی برلسکۆنی لە رابردوو ئەگەری رووداندنی ئەو رووداوە زیاتر دەکات. دوور نیە کاکا و ئیبرا دووبارە لەیانەیەک کە خاوەنەکەی برلسکۆنی ملیاردێرە ببینین.

پێدەچێت لیڤەرپوول لە گەراجی ئوتۆمبێل نازناوەکە بەرزبکاتەوە

راپۆرتە هەواڵێک لە بەریتانیا دووپاتی کردەوە ئەگەری زۆر هەیە کە یانەی لیڤەرپوول نازناوی ئەم وەرزەی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستبهێنیت، ئەوا لە گەراجی ئوتۆمبێل ئاهەنگەکەی ئەنجام دەدات.
بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی دێلی مێلی بەریتانی، ئەگەر هاتوو لیڤەرپوول لە ئیڤەرتۆن ببات‌ەوە و لەولاشەوە مانچستەر سیتی بە ئەرسنال بدۆڕێت، ئەوا دەبێتە پالەوانی ئەم وەرزەی لالیگا، بەمەش یانەی ریدز ناتوانێت لەناویاریگای ئیڤەرتۆن ریورەسمی ئاهەنگگەکەی ئەنجام بدات لەبەر بەرکەوتنی زۆر لەنیویاندا، بۆیە پێشنیار کراوە کە ئاهەنگگەکە لە گەراجی وەستانی ئۆتۆمبیلەکانی یانەی ئیڤەرتۆن ئاهەنگ بگێڕن و جامەکە بەرزبکەنەوە.



کۆتینهۆ لەماوەی رابردوو نەیتوانی ئاستی راستەقینە لەگەڵ یانەی بایرن میونخ پێشان بدات

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.15. Jun. 2020 No: (5953)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

زەهرۆن.. یەکەم زێڕەنگەرە بەناوبانگەکەی عێراق




خەبات : سەریەست برزۆ

زەهرۆن مەلا خضر لە بنەماڵەیەکی سابئەی مەندائی لە شاری عیمارە باشوری عێراق لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان لەدێر زەمانەوە نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن و نەک تەنها باکاری زێڕەنگەری بەناوبانگن ، بەڵکو لەبواری سیاسی و زانست دا ناوبانگیان هەیە هەتاوەکو ئەمڕۆ، زانای کۆچکردوی بەناوبانگی عێراق لەبواری فیزیا وسەرۆکی پێشوی زانکۆی بەغدا ، عەبدولجبار عەبدولا لە نەوەی مەلا خضری باپیری زەهرۆنە و ....هتد دەیان کەسایەتی و پیشەگەر لەو بنەماڵەیەدا ناوبانگی دەرکردووە . زەهرۆن هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی داوەتە زێڕەنگەری و یەکەم فڕێجوانکاری زێڕ ی لە مێژووی عێراقدا ، زەهرۆن لە هیندستانەوە هێناوەتە وڵاتەکە . وردە وردە زەهرۆن ناوبانگ پەیدا دەکات و ، وای لێهاتووە کە هەتا چارەکی یەکەمی سەدەی رابردوو جوانترین و نایابترین پارچە زێڕە لە لایەن زەهرۆنەوە دروست کراوە ، چەندین پارچە زێڕی نایابی بۆ مااڵباتی سوڵتانە عوسمانییەکان دروست کردووە ، هەروەها بۆ جینراڵ مۆد فەرماندەی گشتی سوپای بەریتانیای داگیرکەری ئەوکاتی عێراق چەند پارچە زێڕێکی دروست کردووە و ، هەندێک لەو پارچە زێڕانەی کە بۆ مۆدێ دروست کردووە لە ئێستادا لە مۆزەخانەکانی بریتانیادایە . وینستۆن چەرچەڵ وەزیری حەربی ئەوەدەمەی بەریتانیا قوتوویەکی جگەرەی بەزێڕ دروستراو لەلایەن زەهرۆنەوە کە وێنەی روخێنەر فیکتۆریای وێنەی چەرچڵی لەسەر بووە بەدیاری بۆ ڕۆشتووە لەلایەن جەنراڵ مۆدەوە، کە هەتاوەکو کۆچی دوایی کردووە چەرچڵ ئەو قوتووە جگەرەیەی بەبەردەوام پێ بووە. مەلیک فاروقی پادشای وڵاتی مسر دەیان پارچە زێڕی نایابی بۆ دەروستکراوە لەلایەن زەهرۆنەوە ، هەروەها زەهرۆن بۆ فەیسەڵی یەکەم و مەلیک غازی پادشای عێراق دەیان پارچە زێڕی نایابی بوو دروست کردوون . زەهرۆن لە ساڵی 1929 کۆچی دوایی دەکات ، بەاڵم لەدوای مردنی پیشەو ناوبانگی نافەوتی و کوڕ و نەوەکانی هەتاوەکو ئەمڕۆش دەستبەرداری ئەو پیشەیەیان نەبوونە ، بنەماڵەکەی زەهرۆن چەند کەسێکیان بەناوبانگیان دەرکرد لە پیشەی زێڕەنگەریدا لەوانە ئەسمەر و ناجی و سەبتی و حەسەن ، کە بەزێڕەنگەرە بەناوبانگەکانی عێراق دەژمێردین لە پەنجا ساڵی رابردوودا ، حەسەن کە نەوەی ناجیە بەناوبانگی جیهانی پەیدا کرد لە بوارەکەدا وئەو پارچە زێڕانەی کە حەسەن دروستی دەکرد لە دەیان پێشانگای جیهانی زێڕ بەشداری پێ کراوە ، لەوانە لە پێشانگای زێڕ لە پاریس، هەروەها چەندین پارچە زێڕی بۆ بەرپرسانی عێراق دروست کردووە لەوانە، پارچە زێڕی بۆ عەبدولکەریم قاسم و عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆک کۆماری عێراق دروست کردوە و ، ئارمی بانکی ناوەندی عێراق لەلایەن حەسەنەوە بەزێڕ دروستکراوە . لە ڕەهرۆنەوە هەتاوەکو حەسەنی نەوەی دەیان پارچە زێڕیان بۆ هونەرمەندە جیهانی و عەرەبییەکان دروست کردووە لەوانە ئەنتۆنی کوێن و نوری شەریف و بوسی و ....هتد

. وێنەکە زەهرۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1918.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

دەمو دووشەمەیەک دەینووسێت

کەسێکی نەخوێندەوار ، ئەگەر باوەڕی بە زانست نەبێت، لام وایە ئەمە زۆر ئاساییە ، کاسبێکیش، کە بژێوی ڕۆژانە پەیدا دەکات، ئەگەر دژی کەرەنتین بوەستێک، ئەویش هەقیەتی، دەبێت حکوومەت بژێوی بۆ دابین بکات، بەاڵم ئەفەندییەک خوێندەوار و مەعاشەکەی چەور بێت، لەراقیترین هۆڵدا، ڕۆژانە وەرزش بکات، بۆ عەمەلیاتی لەوزەتین و مایەسیری بچێتە تورکیا و ئوردن، کەچی باوەڕی بەوە نەبێت کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونی هەیە ، بەراستی عەنتیکەیە.

لە ڕۆژانی کەرەنتین دا، ڕۆژێک خەریکی کڕینی تەماتە و ئاروو بووم، ژنێکی بەستەزمان دەستی لە میوە و سەوزە دەدا، دەستکێشێکی زیادەم لابوو، دامێ و گوتم:

- دادە گیان، ئەوە لەدەست بکە، ئەوها سەلامەت تری.

لەپڕ، زرتە بۆزێک تڕومبێلەکەی ڕاگرت، چەند عەللاگەیەکی پڕ کرد، سەیرێکی من و ئافرەتەکەی کرد و گوتی:

- بابە، ئەوەی لەدەست کەنەوە، درۆیە، کرۆنای چی و تەڕەماشی چی!

خەریک بوو بتەقمەوە، بەاڵم دانم بەخۆدا گرت، لەدڵی خۆم دا گوتم:

- جا وەرە، ئەو کەرەی لەو قوڕەی دەربینە!

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ کەر.

ئەپڵیکەیشنێک بۆ ئاگاداربوون لە کەشوهەوا بەبێ ئینتەرنێت



هەردەوان:کۆمپانیای IBM بەهاوکاری کۆمپانیای The weather تەکنیکێکی نوێی ئاشکراکرد بۆ ئاگاداربوون لەباری کەشوهەوا لەڕێی The Weather Channelەوە بەبێ ئەوەی پێویست بەئینتەرنێت بێت. تەکنیکەکە بۆ ٤٢ وڵاتی جیهان بەردەستە و پشت بەپەیوەندیی (Peer-to-Peer) دەبەستێت و لەسەر سستمی ئەندرۆید دادەبەزێت.ئەمەش ئامانج لێی هاوکاریکردنی بەکارهێنەرانی وڵاتە هەژارنشینەکانە بۆ ئاگاداربون لەگۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئەگەری لافاو و زریان و شەپۆلەکانی بەفربارین.

ئەمەش ژیانی زۆر کەس دەپارێزێت لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراو، کەڕەنگە بەهۆی بێ ئاگایی لەکەش وهەوا ئەو کەسە تووشی ببێت، لەئێستاشدا لەو ٤٢ وڵاتە بەردەستە و بەکارهێنەرانی سستمی ئەندرۆید دەتوانن لەگوگڵ پلەی دایبەزێنن کەقەبارەی ٣,٢ میگابایتە و داتای کەشوهەوای بۆ ماوەی ٢٤ سەعات تێدا بەردەستە، ئەمەش بۆ ئەوانەش دەبێ کە تۆڕی ٢ Gو ٣ Gیشیان هەیە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)



ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:

ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:

جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەئاوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەئاوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.

نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



ئەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلی تایبەتی کەولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:

- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنیەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

کاریگەری بۆنی گوڵ ڕۆس



لە ماڵپەری زی هێلس سایت ، بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " کاریگەری بۆنی گوڵ ڕۆس بۆ بە هێزکردنی ئاستی توانایی بیروهۆش و فێربوون" ، بڵاو کراوەتەوە، کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە :ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە بۆنکردنی گوڵی ڕۆس ئاستی توانایی بیروهۆش و فێربوون زیاترو باشتر دەکات . ئەو توێژینەوەیە لە سەر ئەو قوتابیانە ئەنجامدرا کە خۆیان فێری زمانی ئینگلیزی دەکرد .پۆلێکی فێربوونی زمان بە بوونی بۆنی گوڵی ڕۆس و پۆلێکی تر بە بێ بوونی بۆنی گوڵ فێری زمان دەبوون. لە کۆتایی ئەو توێژینەوەیە، دەرکەوت کە ئەو قوتابیانەی کە بۆنی گوڵی ڕۆسیان هەڵمژیبوو ، بە ڕێژەیەکی باش فێری وانەکەیان ببوون.لەو بارەیەوە ، دکتۆر یورگن کورمایەر" ، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە ، گووتی : ئێمە لە توێژینەوەکانماندا ، کاریگەری بۆنکردنی گوڵی ڕۆسمان بۆ دەرکەوت بە شێوەیەک بە ڕێژەی 30 لەسەدا کاریگەریان لە سەر ئاستی توانایی فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەبوو. هەروەها لەو توێژینەوەیە ، دوا لە 54قوتابی کرا کە بۆنی گوڵی ڕۆس بکەن ، ئەو کارەش جگە لە وەی کاریگەری لە ئاستی توانایی بیروهۆش دانابوو بە هەمان شێوە کاریگەری لە سەر باشتربوونی خەوتن دانابوو.